کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ۴۴۷ -نیوەی دووەمی خاکەلێوە ۱۴۰۳-آوریل ۲۰۲۴


## به هەموو هێزەوە دژ بە شەرئەنگێزان



## بۆ یادی قوربانیانی کۆمەڵکوژی ئەنفال



## ڕژیمی ئیسلامی لە سەنگەری سەپاندنی حیجابی ئیجباری، پاشەکشەی پێدەکرێت



### سەروتار

## شەڕ ئامرازێک لە دژی خەڵک، لە خزمەت مانەوەدا

ئێستا ئیتر دوای چەند کاتژمێر نکۆڵیکردن و ناڕوونی و یارییە میدیاییەکانی هەردوولا، سەرەنجام ئەوە ڕوون بووەتەوە کە کاتژمێر پێنجی سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ۳۱ی خاکەلیوە، ئیسرائیل بە چوار مووشەک لەڕێگەی فرۆکەی جەنگییەوە، لانیکەم بنکەیەکی ئاسمانی لە نزیک شاری ئیسفەهان کردووەتە ئامانج. ڕووبەڕووبوونەوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی نێوان دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و جینایەتکاری ئیسرائیل و ڕژیمی کۆنەپەرست و دژە خەڵکی کۆماری ئیسلامی، هەرچەندە هێشتا نەبووە بە شەڕێکی بە تەواو مانا، بەڵام مەترسی تەشەنەسەندنی شەڕ بۆ تەواوی ناوچەکە هەروا لە ئارادایە. ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی لەو شێوەیە دەتوانێ ببێتە ئامرازێک بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێک تەمەنی خۆی درێژتر بکاتەوە. ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیری ئیسرائیلیش، کە ئەوەندەی لە توانایدا بوو خەڵکی بێ دیفاعی غەززەی بە ژن و پیاو و پیر و لاوەوە کوشت، بەڵام بە ئامانجەکانی نەگەیشت و زیاتر لەبەر چاوی خەڵکی جیهان شەرمەزار و ڕسوا بووە، جێگە و پێگەی لە دەسەڵاتدا لاوازتر بووە و دۆسیەی گەندەڵییەکەی لە دادگاکانی ئیسرائیل لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، تێکهەڵچوون لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەتوانێت بەشێوەیەکی کاتی لەو بنبەستە ڕزگاری بکات کە تێیدا گرفتار بووە. ئەوەی کە ڕژیمی ئێران چۆن لە گرژییە ناوچەییەکان وەک ئامرازێک لەدژی خەڵک و لە خزمەت بە مانەوەی خۆیدا لە نێوخۆی وڵات کەڵک وەردەگرێت، لە هاوکات بوونی ئەو ڕووداوانە لەگەڵ توندکردنەوەی گوشارەکان لە دژی ژنانی خوازیاری جلوبەرگی دڵخواز لە ناوخۆی وڵاتدا دەردەکەوێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێک هاوکات لەگەڵ هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئیسرائیل، لە هەڵمەتێکی وشیارانەدا گوشارەکانی بۆسەر ژنانی ئێران بەمەبەستی سەپاندنی حیجابی ئیجباری پەرە پێدا. لە کاتێکدا تەنانەت هێشتا ئەو گەڵاڵەیەی کە لەم پێوەندییەدا ئامادەیان کردبوو، لە مەجلیسی ئیسلامیدا پەسەند نەکراوە، مەئموورانی جێبەجێکاری ڕژیم و ئاتەش بەئیختیارەکانی، سەرلەنوێ ڕژاونەتەوە سەر شەقام و مەیدانەکانی تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران. گوشارەکانی بۆسەر چاپەمەنی و ڕاگەیەنەرە گشتییەکان زیاد کردووە و هەرکەسێک «گرنگی و هێزی»ی هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل بباتە ژێر پرسیار، دەستبەسەردەکرێت واقعییەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو قەیرانە قووڵانەی کە لەگەڵی بەرەوڕووە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## درێژەی سەروتار

بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازا و یەکسانیخوازانەی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە «بزووتنەوەی بایکۆتی هەڵبژاردن» و «بزووتنەوەی یادی نەورۆز»دا ئاستی گەشە و بەهێزیی خۆی نیشان دا و هەروەها بۆ ئاکتیڤ و بەهێز نیشاندانی خۆی لەناو لایەنگرانی ناوخۆیی و دەرەکیدا، پێویستی بە ململانێیەکی کۆنترۆڵکراو و شەڕێکی سنووردار هەیە. هاوکات بوونی دەستپێکردنی شەڕ لە دژی ژنانی ئازادپۆشی ئێران بەمەبەستی وەرگرتنەوەی دەستکەوتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا و هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر ئیسرائیل، واتایەکی ڕوونی هەیە و ئەویش بریتییە لەوەی کە مەترسی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا بۆ کۆماری ئیسلامی گەلێک گەورەتر و جیددی ترە لە مەترسی ئیسرائیل. ئامانجی سەرەکی ئەم کردەوەیەی ڕژیم، بریتییە لە ئامادەکارییەکی هەمە لایەنە بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر و پێشگرتن لە پێشڕەوی خەڵکی ناڕازی و وەگیان هاتوو. هاوئاهەنگیی ڕژیمی ئیسلامی لەگەڵ ئامانجەکانی بەرفراوانکردنی شەڕ لە لایەن ناتانیاهۆ و ڕاستڕەوەکانی ئیسرائیلەوە، ڕێک بەهۆی هاوئاراستە بوونە لەگەڵ ئاکام و کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی مەدەنی و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران

بەڵام ئێستا کە باس لە ئەگەری پەرەسەندنی ململانێکان و مەترسیی ئەوەی کە بگاتە ئاستی شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە ناوچەکەدا دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دوکەڵی شەڕێکی لەو شێوەیە بەر لە هەموو کەس دەچێتە چاوی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر و گیان و ماڵی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە و خزمەت دەکات بە سەپاندنی بێ مافی هەرچی زیاتر بەسەر خەڵکی ئێراندا، ڕای گشتیی وشیار و وەخەبەر هاتوو لە ئێران و ئیسرائیل دەتوانێت ڕۆڵی هێزێکی بەرهەڵستکار ببینێت لە بەرامبەر کۆنەپەرستی لە هەر دوو وڵات و ئیزن نەدات دەسەڵاتخوازان و کۆنەپەرستان کایە بە چارەنووسی خەڵکی ئەم ناوچەیە بکەن. لە غیابی هێزێکی ڕێگریکاری ڕاستەقینەی ناوچەیی و جیهانیدا، هەردوو ڕژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران و ئیسرائیل، توانایی و پێویستیی ئەوەیان هەیە کە لەپێناو مانەوەی خۆیاندا، دەست بەرن بۆ هەر کردەوەیەکی سەرکێشانە. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە ڕۆڵ و سیاسەتی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، کردەوەکانی ئەم ڕژیمە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا و بەتایبەت لەم قۆناغەی ئێستادا، بەردەوام لە خزمەت ئامانجەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلدا بووە. لەکاتێکدا هەموو سەرنجەکانی ڕای گشتیی جیهان لەسەر ڕەنج و ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین و بارودۆخی کارەساتباری پەنابەرانی غەززە لە ڕەفەح بوو، دەوڵەتی ئیسرائیل توانی گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، سەرنجەکان بەرەو ململانێکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕابکێشێت و ئەم پرسە کارەساتبارە مرۆییە پەراوێز بخات

****

# ترس و داماویی ڕژیم لە بەرامبەر بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا



لە بارودۆخێکدا کە دەسەڵات یارییەکەی بە جەماوەر دۆڕاندووە، لە بواری ناوچەیی دا بەردەوام لە ژێر هێرشی ئامانجداری ئیسرائیلدایە و مۆرە سەرەکییەکانی دەسەڵات و بەیتی ڕێبەریی و دەوڵەتە گوێ لەمست و حکومەت و هێزەکانیسەر بەوان لە ئۆرگانە بڕیاردەرەکاندا، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئیدیعای سەرکەوتن دەکەن و بە ڕواڵەت وا خۆیان نیشان دەدەن کە گوایە ڕەوتێکی سەرکەوتوو و ڕوو لە گەشەن. پەردەپۆشکردنی دزییەکانی کازم سەدیقی، پلاندانان بۆ دروستکردنی مزگەوتێک لە پارکی قەیتەرییە و سی و پێنج پارکی دیکە، بڕینی تەواوەتی بەشێک لە دارستانەکانی هێرکانی، پاساوی بێشەرمانەی چەندین شکستی ئابووریی وەک دابەزینی بەهای پووڵی میللی، بەرزبوونەوەی سەرسوڕهێنەری نرخی خانووبەرە و شکستهێنانی پلانی دروستکردنی یەک ملیۆن خانوو لە ساڵێکدا، لە زومرەی ئەو شکستانەن کە پەردەپۆشی دەکەن. وتاری ڕۆژی پانزەی خاکەلێوەی خامنەیی لە کۆبوونەوەی بەرپرسانی ڕژیم و دیفاعی ڕاشکاوانە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە جلوبەرگی دڵخواز لەبەر دەکەن، ئەوە دەردەخات کە ڕێبەری ڕژیم چەندە لە بزووتنەوەی ژنان دەترسێت و جەخت لەسەر پێویستی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ژنان دەکاتەوە. ئەو پێداگرییە ئاشکرایەی ڕێبەری ڕژیم لەسەر سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ژنان، نیشانەی سیاسەتی لێبڕاوانەی دەسەڵاتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرچی توندوتیژتر و سەرکوتگەرانەتر لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا. چاوخشاندنێک بە کردەوەکانی دەسەڵاتدا، ئەم بابەتە زیاتر دەردەخات. دەرکردنی سزای شەست ساڵ زیندانیکردن بۆ هەڵسووڕاوانی ژن لە شاری گیلان، گوشاری لەرادەبەدەر بۆسەر هەڵسووڕاوانی سنفی سەربەخۆی مامۆستایان، دەرکردنی مامۆستایانی زانکۆ، گوشار خستنەسەر پەرستاران و زیادکردنی گوشارەکان بۆسەر بنەماڵە دادخوازەکان و بەتایبەتی بۆسەر زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی، بەیانگەری سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ڕژێمە بۆ پێشگرتن لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان. حکوومەتی ئیسلامی ڕێک لە هەلومەرجێکدا کە یارییەکەی بە جەماوەر دۆڕاندووە و لەژێر گورزی کوشندەی ئیسرائیلدایە، لە لایەکەوە هەوڵدەدات ڕیزی هێزە وەفادارەکانی خۆی پتەوتر بکات و لە لایەکی دیکەشەوە هێزی ڕێکخراوی بزووتنەوە جەماوەرییەکان تێک بشکێنێت. حکوومەتی ئیسلامی کە لە نێوخۆی وڵاتدا لەگەڵ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و بەهێز بەرەوڕووە، بڕیاری داوە بە هەموو توانایەوە لەبەرامبەر ئەم بزووتنەوەیەدا بوەستێتەوە و ڕێگری لە سەرکەوتنی بکات. لەمڕووەوە هەوڵ دەدات گوشارە دەرەکییەکان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، سیاسەتی پاشەکشەی حیسابکراوی ڕژیم بەم ئاراستەیەدا مانا دەبەخشێت. کەمبوونەوەی قورسایی و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی ڕاست لە دەرەوەی وڵات و ڕوونتر بوونەوەی ڕۆڵ و سەنگی هێزەکانی ناوخۆی وڵات لە پێشهاتەکاندا، هاوکات لەگەڵ شەڕی هەنگاو بە هەنگاو و بەردەوامی نێوان جەماوەر و دەسەڵات، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ زیاتر بوونی ڕۆڵ و قورسایی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە ڕەوتی ئەم پێشهاتانەدا. ئەم دۆخە هەلومەرجێک دەخوڵقێنێت کە چەپی شۆڕشگێڕ و بەرگریکاری دێموکراسی دەتوانێت لەسەر ئەو بەستێنە، هەوڵی شکڵ پێدان و بنیاتنانی جەمسەرێکی سۆسیالیستی بدات

****

# به هەموو هێزەوە دژ به شەرئەنگێزان

ئێوارەی ٢٥ لەسەر ٢٦ی ١٤٠٣ بەرامبەر بە ١٣ لەسەر ١٤ی ٢٠٢٤، حکوومەتی ئیسلامی بە هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی کڕوز و بالستیک بۆسەر ئیسرائیل، وەڵامی هێرشەکەی ئیسرائیلی بۆ سەر کونسوڵخانە٦ی کۆماری ئیسلامی لە دیمەشق دایەوە. هێرشی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران و کوشتنی فەرماندە و ڕاوێژکارانی ڕژیمی ئیسلامی، هەوڵێک بوو بۆ بەربڵاوترکردنی بازنەی شەڕ بۆ دەرەوەی غەززە و دەربازبوون لە بنبەستی ئەم شەڕە. ئاشکرایە کە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکانی ڕژیم لە سووریا، لە کاردانەوە بە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەمارۆدانی ئیسرائیل لە ڕێگەی هێزە بەوەکالەتەکانی و هەروەها پشتیوانی لە هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بوو. دەوڵەتی ئیسرائیل بەمەبەستی دەربازبوون لە ڕسوایی لە بیروڕای گشتی جیهان، ساڕێژ کردنەوەی پێوەندییە بریندارەکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، نیشاندانی ڕواڵەتی خۆی وەک قوربانییەک لە چاوی بیروڕای گشتی جیهانیدا، کە بەهۆی ئەو جینۆسایدە دڕندانەیەوە لە سپای ئیسرائیل گەلێک تووڕە و بێزارە و هەروەها بۆ کۆتاییهێنان بە نارەزایەتییە جەماوەرییە ناوخۆییەکان و سەرکەوتن لە شەڕی دەسەڵات لە پێکهاتەی سیاسی وڵاتەکەیدا، پێویستی بە بەربڵاوترکردنی بازنەی ئەو شەڕەیە. ئامانجی هێزە بناژۆخواز و نئۆفاشیستە یەهوودییەکان بریتییە لە بەربڵاوترکردنی بازنەی شەڕەکە و پەلکێشکردنی کۆماری ئیسلامی و سەرەنجام ناچارکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. دروشمی «لێدان لە سەری مارەکە» دروشمی ناتانیاهۆ و ڕاستڕەوەکانی ئیسرائیل و ئەو بەشە لە ڕاستڕە ئێرانییەکانە کە خۆیان بە زلهێزە دەرەکییەکانەوە هەڵواسیوە. لێدان لە سەری مارەکە بەبێ پشتیوانی سەربازیی ئەمریکا مەحاڵە

فاشیزمی شیعە و ئاپارتایدی دەسەڵاتدار لە ئێران، بەڕواڵەت بە بیانووی تۆمەتبار نەبوون بە کەمتەرخەمی لەبەرامبەر دەستدرێژی بۆسەر خاکی ئێران، هێرشەکەی ئێوارەی ٢٥ی خاکەلێوە، پاساو دەکات. بەڵام خەڵکی ئێران لەبیریان نەچووەتەوە کە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە ژێر دەمامکی پابەندبوون بە ڕەچاوکردنی پێوەرە دیپلۆماسییەکان لە هێرش نەکردنە سەر باڵوێزخانە و کونسوڵخانەکان، کە بەواتای هێرشکردنە سەر خاکی هەریەکە لە وڵاتەکان لە قەڵەم دەدرێت خۆیان شاردۆتەوە، بۆخۆیان بە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و بە بارمتەگرتنی کارمەندانی باڵیۆزخانەکە، کە لە ڕوانگەی «خومەینی»یەوە شۆڕشی دووەمی ئێران بوو، هەروەها هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەکانی ئینگلستان و عەرەبستان، دەستپێشخەری پێشێلکردنی ئەو پێوەر و پرەنسیپانە بوون. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ڕژیم بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانە فرە ڕەهەندە ناوخۆییەکان، پەردەپۆشکردنی شکستە ئابورییە ئاشکراکانی حکوومەتی یەکدەستکراو، کۆنترۆڵکردنی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازا و یەکسانیخوازانەی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە «بزووتنەوەی بایکۆتی هەڵبژاردن» و «بزووتنەوەی یادی نەورۆز»دا ئاستی گەشە و بەهێزیی خۆی نیشان دا و هەروەها بۆ ئاکتیڤ و بەهێز نیشاندانی خۆی لەناو لایەنگرانی ناوخۆیی و دەرەکیدا، پێویستی بە ململانێیەکی کۆنترۆڵکراو و شەڕێکی سنووردار هەیە. دیاریکردنی ڕۆژی ٢٥ی خاکەلێوەش، هەڵگری پەیامێکی زۆر ڕوونە هەم بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتە بەدناوەکانی ئیرشاد بەمەبەستی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ژنانی خوازیاری جل و بەرگی ئازاد لە ئێران و وەرگرتنەوەی دەستکەوتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا و هەم بۆ هێرشە مووشەکی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی بۆسەر ئیسرائیل، پەیامێکی کە پێشتر لە لایەن ڕێبەری ڕژیمەوە گەڵاڵە کراوە. مەترسی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا بۆ کۆماری ئیسلامی، گەلێک گەورەتر و جیددی ترە لە مەترسی ئیسرائیل. ئامانجی سەرەکی ئەم کردەوەیەی ڕژیم، بریتییە لە ئامادەکارییەکی هەمە لایەنە بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر و پێشگرتن لە پێشڕەوی خەڵکی ناڕازی و وەگیان هاتوو. هاوئاهەنگیی ڕژیمی ئیسلامی لەگەڵ ئامانجەکانی بەرفراوانکردنی شەڕ لە لایەن ناتانیاهۆ و ڕاستڕەوەکانی ئیسرائیلەوە، ڕێک بەهۆی هاوئاراستە بوونە لەگەڵ ئاکام و کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی مەدەنی و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران. لەم ئامانجەدا هەردوو ڕژیمی ئاپارتاید، یەکگرتوو و هاو مەبەستن. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا، بۆ بەرەوپێشچوونی خۆی و هەروەها بۆ پەرەپێدان بە نافەرمانی مەدەنی و کۆکردنەوەی زۆرترین هێز لە پێناو ڕێکخستنی خۆڕاگرییەکی بەربڵاو لە دژی فاشیزمی شیعە، پێویستی بە شەڕ نییە. سەرجەم لایەنگرانی شەڕ و بەربڵاوتر بوونی شەڕ، بریتین لە دوژمنانی سوێندخواردووی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»

. تەشەنەسەندنی شەڕ جگە لە وێرانکارییەکی بەربڵاوتر و کوشتاری وەحشیانەی خەڵک و هەرەسهێنانی ئابووری و پەکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە. پەرەسەندنی ئەو شەڕەی ئێستا، تەنیا لە بەرژەوەندی لایەنگرانی ئاپارتاید لە ئێران و ئیسرائیلدا دەبێت. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئاشتیخوازی ئیسرائیل، بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە شەڕی غەززە و کۆتایی هێنان بە هەوڵە شەڕئەنگێزییەکانی دەوڵەتی ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرستی دەسەڵاتدار و هەروەها ڕەخساندنی هەلومەرجێکی نوێ بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین، دەست بەکار بن و نارەزایەتییەکانی خۆیان لە دژی شەڕ پەرە پێبدەن. هەروەها کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەرەوڕووی هەر هەوڵێکی شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی ببنەوە و هێز و وزەیەکی نوێ بە ئاخێزی مەدەنی و شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» ببەخشن. لێک هەڵپێکرانی هەرچی بەرینتری خەبات لەپێناو ئازادی و خەبات لەپێناو نان و هێنانە مەیدانی ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە خەڵکی ناڕازی بەمەبەستی تێکشکاندنی شەڕی ڕژیم لەگەڵ جەماوەر و شەڕە چەواشەکارییە دەرەکییەکان، پێویستییەکی سەرەکییە ئێمە داوا لە سەرجەم هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان و هەر مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و خاوەن هەڵوێست دەکەین کە

بە هەموو هێزەوە گڕوتینێکی نوێ بە بزووتنەوەی ئاشتی ببەخشن؛ هەموو ئامرازەکانیان لەپێناو شەرمەزارکردنی هەوڵی شەڕئەنگێزانەی هەر لایەنێک، بەکار بهێنن. ڕاکێشانی بیروڕای گشتی خەڵکی جیهان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و بەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوکاری ڕێکخراو و ناوەندەکانی بەرگریکاری ئاشتی بۆ گوشار خستنەسەر دەوڵەتەکانیان بەمەبەستی یارمەتیدان بە هێورکردنەوەی کەشوهەوای شەڕ و کۆتاییهێنان بە جینۆسایدی ئاشکرا لە غەززە، پێویستی و ئەرکێکی بەردەوام و بێ پسانەوەیە

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**یەکشەممە ٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٣/ ١٤ی ئاوریلی ٢٠٢٤**

****



پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٧-نیوەی دوومی خاکەلێوە ١٤٠٣ -آوریل ٢٠٢٤

# بۆ یادی قوربانیانی کۆمەڵکوژی ئەنفال

ئەم ڕۆژانە ساڵیادی زنجیرە ئۆپۆزسیۆنی دژی ئینسانی و کۆمەڵکۆژی سامناکی ناسراو بە "ئەنفال" بە دەستی ڕژیمی بەعس لە کوردستانی عێراقە. لە وەها ڕۆژەگەلێك دا، لە کاتێکدا کە ڕژیمی خوێنمژی بەعس، بە زەبری کوشت و بڕ و ئاگر و ئاسن ئیرادەی خۆی بە سەر کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە دا سەپاندبوو، لە ماوەی کەمتر لە ٤ مانگ و لە ٨ قۆناغی جیا جیا دا، بە پلانێکی داڕێژراو، زیاتر لە ١٨٠ هەزار ئینسان، لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، دەستە دەستە، دەستبەسەر کران و بە کۆمەل گواسترانەوە بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق و لەوێ کۆمەڵکوژ کران و لە گۆڕی بە کۆمەڵدا خرانە ژێر خاکەوە. تێپەڕ بوونی زەمەن، دوای ٦ ساڵ نەیتوانیوە برینەکانی ئەم جینایەتە بە سەر جەستەی ئەو کۆمەڵگایەوە، سارێژ بکات. ئاسەوارە دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ئەو کارەساتە ئێستاش بەربینگی ئەو کۆمەڵگایەی بەرنەداوە

ساڵی ١٩٨٨، لە کاتێکدا کە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق بەرەو کۆتایی دەچوو، ڕژیمی بەعسی عێراق بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەولەویەتی خۆی لەم شەڕە کۆنەپەرەستانەیدا خستە سەر بەرەکانی کوردستان و بە سەدان هەزار هێزی چەکداری بە تانك و تۆپ و هەموو کەرەسەیەکی پێشکەوتووی شەڕەوە، ڕەوانەی کوردستانی عێراق کرد. مەبەستی ڕاگەیاندراوی ئەو هێرشە، پاککردنەوەی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە بوو. بەڵام ئەوە ڕواڵەتی پلانەکە بوو. ئەوەیکە لە کردەوەدا بەڕێوەچوو، جینوسایدێکی تەواو و کەماڵ بوو. ئەو ئۆپەراسیۆنە ناوی ئەنفالی لە سەر دانرا. ئەو ناوە کە لە دەقێکی قورئان وەرگیراوە کە بە واتای غەنیمەت و دەسکەوتی شەڕ هاتووە. ئەم ناوە لە بنەڕەتدا بۆ هاندانی دارودەستەکانی موستەشار و بە کرێگیراوی کورد کە چەکداری ڕژیم بوون، بەکار دەهێنرا. مەبەستی ڕژیمی بەعس ئەوە بوو ڕێگا بە بەکرێگیراوانی خۆی بدات کە ماڵ و سەروەتی خەڵکی بێ دیفاعی ئەو دێهات و شار و شارۆچکانەی کە چۆلیان دەکردن، بە تاڵان بۆ خۆیان بەرن. بە هەزاران کەس لە ژن و پیاو و مناڵ و پیر و لاو لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان هەڵکەندران، بە بێ ئەوەی ڕێگایان پێبدرێ کە جگە لە لیباسی بەریان هیچ شتێکی دیکە لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن. ئەو جەماوەرە زۆر و زەوەندەیان بە ئوتوبوسی سۆغرە بەرەو بیابانەکانی "نۆگرە سەلمان" لە ناوەندی عێراق ڕاپێچ کرد و لەوێ بەرەبەرە بە بێ بەزەییانەترین شێوە لەناویان بردن و لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا شاردیاننەوە. تاك تاك کەسانێك کە لەو مەرگەساتە ڕزگاریان بووە، داستانە خۆفناك و پڕ لە ئێش و ئازارەکانی ئەم کۆمەلکوژییەیان ئاشکرا کردووە

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە مانگی فێوریەی ساڵی ١٩٨٨ی زایینیەوە دەستی پێکرد و لە مانگی سێپتامبری هەمان ساڵدا کۆتایی پێهات، ئەو ئۆپۆزسیۆنە بەربڵاوە تەواوی کوردستانی عێراقی هەر لە گەرمیانەوە تا بادینانی، گرتەوە و سەدان هەزار کەس تێیدا بوونە قوربانی و لە نێوبران و ئاوارەکران. هەر چەند تاکوو ئێستاش ئامارێکی وردی ئەم کارەساتە لە بەردەست نییە، بەڵام لە ڕووی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە دۆزراونەتەوە و لە لێکۆلینەوەکاندا دەرکەوتووە کە لەو کارەساتەدا نزیکەی ١٨٠ هەزار ئینسان لە ژن و پیاو و مندال و پیر و لاو، قەتڵی عام کراون. لە جەریانی ئەنفالدا نەك هەر ئینسان، بەڵکوو ئاژەڵ و پەلەوەر و دار و درەخت و سەوزاییش لەناودەبران و هەزاران ناوچەی سەوزەڵان و پڕ دار و درەخت سوتێنران. سەرجەم دانیشتوانی گوندەکانی ناحیە و قەزا هەڵوەشاوەکانیش، ئەوانەی کە گیانیان دەرباز ببوو، لە ئۆردوگای گەمارۆ دراوی شێوە سەربازگەییدا دەستبەسەر کران

ئۆپۆزسیۆنی "ئەنفال" بە ٨ قۆناغی جیاواز لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی عێراق لە پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، موسڵ، کەرکوك و سلێمانی بەڕێوەچوو. ئەم ئۆپەڕاسیۆنە ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو بەڵکوو لە ساڵەها پێشترەوە، بە پێی پلانێکی ڕژیمی بەعس، بەرە بەرە خەریك بوو بەڕێوەدەچوو و لە ساڵی ١٩٨٨دا بوو کە گەیشتە لوتکەی خۆی. ساڵی ١٩٧٤ بومبارانی شاری قەلادزێ و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی ئەو شارە، هەر لەو ساڵەدا بۆمبارانی شاری هەڵەبجە و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنی، ساڵی ١٩٧٩، کوشتاری بە کۆمەڵی کوردە فەیلییەکان، ساڵی ١٩٨٥، بۆمبارانی ئوردوگای پەنابەرانی کوردستانی عێراق لە زێوە و کوشتنی کۆمەڵێك خەڵکی بێ دیفاع، ساڵی ١٩٨٧، بۆمبارانی شیمیایی دۆڵی بالیسان، ساڵی ١٩٨٧ کۆمەڵکوژی خەڵکی گەرەکێکی شاری هەڵەبجە، ساڵی ١٩٨٨ کۆمەڵکوژی ٨ هەزار کەس لە دانیشتوانی ناوچەی بادینان. وێرانکردن و چۆلکردنی دێهات لە ساڵەکانی دەیەی حەفتای زایینیدا، وەکوو بەشێك لە ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایر. لەم شاڵاوی وێرانکاریەدا، زیاتر لە ٤ هەزار ئاوایی کوردستانی وێران کرد، ڕەز و باخ و کانیاوەکانی کوێر کردەوە و دانیشتووانەکەی ڕەوانەی ئوردۆگا ئیجبارییەکان کرد. ئەمجارەیان بەوەش ڕانەوەستا و دەستی کرد بە وێرانکردنی شاری قەلادزێ و سەید صادق و سەرەتاکانی وێرانکردنی شاری ڕانیەش دەستپێکرد کە ڕاپەرین مەجالی پێ نەدا. پێشتریش شاری هەڵەبجە تەفروتوونا کرابوو و پێنج هەزار کەس لە خەڵکی ئەم شارەی بە گازی ژاراوی لەناو بردبوو

لە کارەساتی ئەنفالدا هەزاران بنەماڵەی کورد بەتەواوەتی هەڵوەشانەوە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تێکچوو، هەزاران ژن بێ هاوسەر مانەوە و هەزاران مناڵ بی باوك بوون، سەدان کەس باری دەروونیان تێکچوو، هەژاریی و نەبوونی و گەلێك ئازاری کۆمەڵایەتی بە شوێنیدا پەرەیان سەند. لەم جەریانەدا گوند هەبوو بە تەواوەتی دانیشتووانەکەی ئەنفال کرا، بۆ نموونە گوندی جەلەمۆرد لە سنووری پارێزگای کەرکوك ٣٧٨ کەسی لێ ئەنفالکرا، لە ئاوایی گۆگتەپە ٣٣٤ کەس و لە ئاوایی فەقێ مستەفا ٢٠٠ کەس لەناوبران

بە پێی هەندێ سەرچاوە و ئاماری بەردەست، تەنها لە سنووری کەرکوك ٦٠٧١ کەس بەتەواوەتی لە ناوبران. ئەم کارەساتە کوردستانی بەرەوڕووی وەها قەیرانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئابووری کردەوە کە تا ئەمڕۆش شوێنەواری هەر ماوە و دەیان ساڵی دیکەش شوێنەواری دەمێنێ. زۆربەی بەکرێگراوەکان، لە موستەشار و سەرۆکی دارودەستەکانی کوردی سەربە حکوومەتی بەعس، نەك هەر سزا نەدران، بەڵکوو لە سەر سەروەت و سامانێك کە بە تاڵان و بڕۆی خەڵکی ئەنفالکراو دەستیان کەوتبوو، دانیشتوون و ئێستاش وەکوو دڕکێك لە چاوی کۆمەڵگای کوردستاندا، ژیانی ئاسایی خۆیان درێژە پێدەدەن

پێویست بە وەبیر هێنانەوە نییە کە هەمووی ئەو ڕوداوانە هەروەکوو ڕوداوەکەی هەڵەبجە لە بەرچاوی دەوڵەتانی گەورەی دنیا و لە سەرووی هەموانەوە بە بەرچاوی دەوڵەتی ئامریکاوە ڕویاندا و میدیای جیهانی کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دەوڵەتانەدا بوو لە ئاست وەها جینایەتێکی سامناك بێدەنگ بوو. ئەمڕۆ لە کاتێکدا پاش ٣٦ ساڵ، یادی قوربانیانی ئەنفال و کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان دەکەینەوە کە ڕژیمی دیکتاتۆری بەعسی عێراق لە دەسەڵاتدا نەماوە، بەڵام هێشتا ڕەنج و ئازار و برینەکانی ئەو خەڵکە سارێژ نەبۆتەوە. هەر ئێستا دەیان هەزار بنەماڵەی ئەنفالکراو بە دەست هەژاری، نەداری و غەمی لەدەستدانی ئازیزانیانەوە دەناڵێنن

**لە یادی ٣٦ ساڵەی کارەساتی کومەڵکوژی ئەنفالدا جارێکی دیکە ئەوپەڕی نەفرەت و بێزاری خۆمان بەرامبەر بە بڕیارپدەران و بەڕێوەبەرانی ئەو جینایەتە سامناکە دەردەبڕین و هەزاران سڵاو و درووود دەنێرین بۆ یادی گیانبەختکردووانی ئەم کارەساتە.**

****



# ناڕەزایەتی جیهانی لەدژی بەردەوامبوونی جینۆسایدی ئیسرائیل لە غەززە

لە کاتێکدا کە جینۆسایدی ئیسرائیل لە غەززە بەردەوامە، هەزاران ژن و پیاوی ناڕازی ڕۆژی دووشەممە ١٥ی ئاوریل بەرامبەر بە ٢٧ی خاکەلێوە، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی جۆراوجۆر لە شارە جیاوازەکانی جیهان لە ناڕەزایەتی بە درێژەدان بەو جینۆسایدە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە چەکی ئەمریکایی و ئاڵمانی ئەنجام دەدرێت، هاتنە مەیدان. ئەوان لە شارەکانی مێلبۆرن لە ئوستralیا، یۆتۆبۆری لە سوئێد، بارسەلۆنە و تاراگۆنا لە ئیسپانیا، زڤۆڵە و ئۆترێخت لە هولەند، کۆپنهاگن پایتەختی دانمارک، لەندەن، سوالول و لیدز لە بریتانیا، چەند شارێکی کانەدا و ژمارەیەک لە شارەکانی ئەمریکا لەوانە مینیاپۆلیس، مینەسوتا، فیلادلفیا، پێنسیلڤانیا، شیکاگۆ، ئەلینۆیز، شاری نیویۆرک، ئەلیزابێت، نیوجرسی، یوجین لە ویلایەتی ئۆریگۆن و ئۆکلاند و سانفرانسیسکۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا و سەنت ئەنتۆنیۆ لە ویلایەتی تەگزاس و واشنتۆن دی سی و چەند شارێکی دیکە، خۆپیشاندانیان بەڕێوەبرد. ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن و پردەکانیان داخست و لە ناوەوە و دەرەوەی ئیدارە دەوڵەتییەکان یان دەفتەری کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانیان و فرۆشتنی چەک بە ئیسرائیل، مانیانگرت، یان لە بارکردنی چەک بۆ ئیسرائیل خۆیان بوارد. بەشداربووانی ئەو ئاکسیۆن و ناڕەزایەتیانە بەشێک بوون لەو ملیۆنان کەسەی کە لە شەش مانگی ڕابردوودا سەرەڕای دەرکردنیان لە کارەکانیان و توندوتیژی پۆلیس و تۆمەتەکانی وەک دژە یەهوودبوون و زۆر شتی لەو چەشنە، دەستیان لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان لە دژی جینۆسایدی ئیسرائیل و دەوڵەتی ئەمریکا و ناتۆ هەڵنەگرت. لە دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ەوە تا ئێستا، هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی غەززە، لانیکەم ٣٣ هەزار کەسیان قەتڵی عام کردووە. ئەگەرچی ئامارە ڕاستەقینەکان زۆر لەوە زیاترن. بەشێک لە ئەندامانی ناتۆ، لەوانە دەوڵەتی ئەمریکا بە پێدانی میلیاردها دۆلار و دابینکردنی ٦٦ لەسەدی چەک و چۆڵی پێویست، دەوڵەتی شێوە فاشیستی ئاڵمان بە دابینکردنی ٣٠ لەسەد و دەوڵەتی دەستە ڕاستی ئیتالیا بە پێدانی لەسەدا پێنجی چەک و چۆڵ بە ئیسرائیل، لەم جینۆسایدەدا بەشدار بوون و تا ئێستاش بەردەوامن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەوروپا-دەریای ناوەڕاست، کە ڕۆژی ١١ی ئاوریل بڵاو بۆتەوە، جگە لە ٣٣ هەزار کوژراو، ١٢ هەزار کەسیش بێسەروشوێنن کە یان لەژێر داروپەردوودا ماونەتەوە یان لە زیندان و گرتووخانەکانی ئیسرائیلدا دەستبەر کراون یان لەوێدا کوژراون. ئەم ڕێکخراوەیە تا ئێستا ١٢٠ گۆڕی بەکۆمەڵی دۆزیوەتەوە کە لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئیسرائیلەوە هەڵکەندراون هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بەشێک لە خۆپیشاندەران دڵخۆشن بە هەوڵی هەندێک لە دەوڵەتەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە کۆمەڵکوژی لە غەززە، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاویان زۆرتر پشت ئەستوورن بە هێز و چالاکییەکانی خۆیان. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەو ژن و پیاوە ناڕازییانە بکەین کە بە لەقاودانی کۆمپانیا و کارگە زەبەلاحەکانی بەرهەمهێنەری چەک و چۆڵ، یان بە مانگرتن لە دەفتەرەکانیان و بە بەستنی ڕێگای هەناردەکردنی چەک و چۆڵەکانیان بۆ ئیسرائیل، بە تایبەت لە بەندەرەکان، قازانج پەرستە بێویژدانەکانیان ڕسوا کردووە و ڕسوایان دەیکەن. ئەم ناڕازییە ڕادیکاڵانە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێک لە گەنجەکانیان لە شارە جۆراوجۆرەکان ڕێکخستووە، کە بە «گرووپی هاوپشتی لەگەڵ فەلەستین بە لەکارخستنی ئابووریی» ناسراون. ئاکسیۆنەکانی ڕۆژی ١٥ی ئاوریل لەلایەن ئەوانەوە بانگەشەی بۆکرابوو. ئەوان باوەڕیان بە زیان گەیاندن بە ئابووری دەوڵەتەکان و گەورە سەرمایەدارەکان هەیە، چونکە ئەوان بە هۆکاری سەرەکی کۆمەڵکوژی غەززە دەزانن. پۆلیس، میدیاکانی هێڵی فەرمی و قەڵەم بەدەستان، وشە فرۆشان و سیاسەتمەدارە کۆنەپەرستەکان لە بنەڕەتدا لە هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو گەنجانەدان. تا ئێستا ئیسرائیل سەرەڕای کوشتاری ٣٣ هەزار کەس و بێسەروشوێن کردنی ١٢ هەزار کەسی دیکە، بەڵام نەیتوانیوە بە ئامانجەکانی خۆی بگات

لە کۆتاییدا پێویستە بوترێت، بیروڕای گشتی و ویژدانی وەخەبەر هاتووی جیهان، کە لە دژایەتیکردن و ناڕەزایەتی کرێکاران، بزووتنەوەی دژە شەڕ، ڕوناکبیران و بیرمەندانی مرۆڤدۆست بەرامبەر بە جینۆسایدی ئەرتەشی ئیسرائیل لە شەڕی غەززەدا خۆی نیشان داوە، تا ڕادەیەکی بەرچاو بووەتە هۆی پاشەکشەی ئاشکرای ئەو دەوڵەتانەی کە پشتگیری لە تاوانەکانی ئیسرائیل دەکەن. ئەم ویژدانە وەخەبەر هاتووانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی نەیارانی جینۆسایدی ئیسرائیل لە غەززە پەرە بستێنێت. بزووتنەوەی دژە شەڕ کە پێویستە بەرفراوانتر و بەهێزتر بکرێت، توانایی ئەوەی هەیە کە ئەرتەشی پڕ چەک و چۆڵی ئیسرائیل و کابینە ڕاستە توندڕەوەکەی لە شەڕ لەدژی فەلەستینییەکان، تووشی شکست و ناکامی زیاتر بکات. نابێت ئیزن بدرێت کە ڕەنج و ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین و کوشتاری جینایەتکارانەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە عەززە، بکەوێتە ژێر کاریگەری و سێبەری پەرەسەندنی ململانێکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیل. هاودەنگیی ڕای گشتی خەڵکی جیهان لە وڵاتە جۆربەجۆرەکان و بەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوکاریی ڕێکخراو و ناوەندەکانی لایەنگر و داکۆکیکاری ئاشتی بەمەبەستی گوشار خستنەسەر دەوڵەتەکانیان لە پێناو کۆتایی هێنان بە کۆمەڵکوژی ئاشکرای غەززە، پێویستییەکی بەردەوام و هەمیشەییە

****




پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٧-نیوەی دوومی خاکەلێوە ١٤٠٣ -آوریل ٢٠٢٤

پێشڕەو

# بەهاییەکانی ئێران لە ساڵی ١٤٠٢دا لەگەڵ توندترین گوشار و ئەزیەت و ئازار بەرەوڕوو بوون




ساڵی ڕابردوو یەکێک بوو لە دژوارترین ساڵەکان بۆ بەهاییەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران. ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ «هیومان ڕایتس وۆچ» لە ژنێڤ، ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوەی ١٤٠٣، ڕاپۆرتێکی هەژێنەری ٤٢ لاپەڕەی سەبارەت بە سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری بەهاییەکان لە ساڵی ١٤٠٢دا، بڵاوکردەوە. ئەم ڕاپۆرتە بەناونیشانی «پۆستاڵی سەر ملم: جینایەتی بەرپرسانی حکوومەتی ئێران لەبابەت ئەزیەت و ئازار و سەرکوتکردنی بەهاییەکانی ئێران»، ئەو یاسا و سیاسەت و ڕێوشوێنە جیاکاریانەی کە حکوومەتی ئێران بۆ پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی بەهاییەکان بەکاریان دەبات، بەوردی خستووەتە ڕوو. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: «ئازار و سەرکوتی سیستماتیکی چل و پێنج ساڵەی کۆمەڵگەی بەهایی لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە، بەگوێرەی یاساکانی سزادانی نێودەوڵەتی، نموونەی جینایەت لەدژی مرۆڤایەتییە». بەهاییەکانی ئێران لە هەموو بوارێکی ژیانیاندا، لەگەڵ ئەزیەت و ئازار و هەڵسوکەوتی نەشیاو بەرەوڕوون، لە گرتن و زیندانیکردنی سەرەڕۆیانەوە بگرە هەتا دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ و بێبەش بوون لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و کار و تەنانەت ڕێگریکردن لە بەخاکسپاردنی ئا بڕ و و مە ند ا نە ی مردووەکانیان بە پێی داب و نەریتی بەهاییەکان. جگە لە سەدان بەهایی کە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بە دەستی لات و چەقۆکێشە ئاتەش بەئیختیارەکانی ئیسلامی کوژراون، تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ بەهایی لە لایەن ڕژیمەوە لە سێدارە دراون. ڕژیمی ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لە هیچ کردەوەیەکی جینایەتکارانە بەرامبەر بە بەهاییەکان درێغی نەکردووە. لەناوبردنی جەستەیی بەهاییەکان، دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵک و سامان و دەستبەسەرکردنی ژن و پیاو و گەنج و پیر و تەنانەت منداڵەکانیان و هەروەها بێبەشکردنیان لە خوێندنی زانکۆ و لە دامەزراندن و دەیان بەڵا و موسیبەتی دیکە.ڕژیمی ئیسلامی بەردەوام هەوڵی لەناوبردنی جەستەیی بەهاییەکانی داوە. قەدەغە کردنی دین و بیروباوەڕی بەشێک لە خەڵک، زیندانیکردنی ژنان و پیاوانی بەهایی و گەنج و پیر و تەنانەت مند ا ڵە کا نیشیا ن ، دەستبەسەراگرتنی موڵک و ماڵیان، بێبەشکردنی گەنجانی بەهایی لە خوێندنی زانکۆ، تێکدانی شوێنە پیرۆزەکانیان و جیاکردنەوەی شوێنی ناشتن و گۆڕی بەهاییەکان لە باقی خەڵک و بە بەردەوامی شکاندنی بەردی گۆڕەکانیان، ئیزن نەدان بە دامەزراندنی بەهاییەکان و دەرکردنیان لە هەر کارێکی حکوومەتی و تایبەت، ناچارکردنیان بە کۆچکردن، بەردەوام لە ڕاگەیاندن و ڕێوڕسمە ئاینیەکاندا تۆمەت هەڵبەستن و پەروەندەسازیی لە دژیان، هەمووی ئەمانە نموونەی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدن لە دژی بەهاییەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتێکی ئیسلامیدا. جیایی دین لە دەوڵەت، نەبوونی ئایینی فەرمی، جیایی دین و مەزهەب لە پەروەردە و بارهێنان، ئازادی ئایین و ئازادی نەبوونی باوەڕ بە هیچ ئایینێک، بڕینی بە تەواوەتی هەر چەشنە هاوکارییەکی دارایی و حکوومەتی بۆ دام و دەزگا و ناوەندە ئاینیەکان و باج وەرگرتن لە سەرچاوە دارایی و بازرگانییەکانی دامودەزگا ئاینییەکان، مەرجی پێویستن بۆ ڕێگریکردن لەو کارەساتانەی کە لە دژی کۆمەڵگەی بەهایی و کەمایەتییە ئایینییەکانی دیکە ڕوودەدات.

ئەگەرچی ٤٥ ساڵە ئازادیی و مافە سەرەتاییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە توندوتیژترین شێوە پێشێل دەکرێن، بەڵام لەم نێوەندەدا بەهاییەکان تەنیا بە هۆی بیروباوەڕەکانیانەوە، لەگەڵ بێبەشی و ڕەنج و ئازاری گەلێک زیاتر بەرەوڕوو بوون و گیان و ژیان و دار و نەداریان بەردەوام لە مەترسیدا بووە.حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ هەر دیاردەیەکی پێشڕەو، پێشکەوتنخواز، ئینسانی و ئەمڕۆیی کە بایەخی جیهانییان هەیە دژایەتی دەکات، هەر لە مۆسیقا و هونەرەوە بگرە تا سینەما و شانۆ، ئازادی ڕادەربڕین تا چاپ و بڵاوکردنەوەی ئازادانەی کتێب و گۆڤارەکان، لە بوونی دەنگی ناڕازی و چالاکیی حیزبە سیاسی و کرێکارییەکانەوە تا ڕێکخراوە مەدەنییەکان و مافی ئاژەڵان و پاراستنی ژینگە. هیچ ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی سەربەخۆ نەبووە کە هەڵسووڕاوە سەرەکییەکانیان لەگەڵ سەرکوتک و زیندانیکردن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان بەرەوڕوو نەبووبێتەوە. بەڵام هەڵسوکەوت لەگەڵ بەهاییەکان زۆر بێبەزەییانەتر و کۆنەپەرستانەتر بووە. دیفاع و بەرگریکردن لە پەیڕەوانی ئایینی بەهایی لە بەرامبەر ئەزیەت و ئازاری ڕژیمی کۆنەپەرست و دژە ئینسانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەرکێکی ئینسانییە.

پێویستە هەر لە ئەمڕۆوە و بە هەموو ئیمکاناتێکی بەردەست و بەبێ هیچ دوودڵی و ڕاڕاییەک، لە بەرامبەر ڕژیمی ئیسلامی ئێراندا، دیفاع لە مافە ئینسانییەکانی بەهاییەکان بکەین.

یەکێک لە شانازییەکانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، بەردەوام بریتی بووە لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هەموو ئایین و بیروباوەڕەکان، بە بوون و تەحەمولی بە ها ییە کا نیشە و ە . کوردستان هەتا ئێستاش تاکە ناوچە یان لەو بەدەگمەن ناوچانەیە کە تیایدا بەهاییەکان لەلایەن خەڵکەکەیەوە بە باوەشی ئاوەڵاوە قبوڵ کراون و ئایین وەک پرسێکی تایبەتیی خەڵک دادەنرێت

****

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

# زیادکردنی حەقدەست پێویستییەکی سەرەکی چینی کرێکار

شۆڕای باڵای کار لە دوایین ساتەکانی ساڵی ١٤٠٢دا لانیکەمی حەقدەستی١٤٠٣ی بە لەبەرچاوگرتنی مافەکانی دیکەی وەک حەقی نیشتەجێبوون و هیتر، بە زیادکردنی ٣٥ و سێ دەهەمی لەسەد، بۆ ئاستی ١١ ملیۆن تمەن لە مانگێکدا بەرزکردەوە. بەپێی نرخی ئێستاییەک دۆلار کە زیاترە لە ٦٠ هەزار تمەن، بڕیارە کرێکارێکی لەسەرکاری کەیاسای کار دەیگرێتەوە، مانگانە نزیکەی ١٨٣ دۆلار حەقدەستی پێدەدرێت. ئەڵبەتە زۆر جار تەنانەت ئەو حەقدەستە کەمەشیان لەکاتی خۆیدا پێنادرێت. ئاشکرایە کە بەهۆی کەمی داهات و کەمی حەقدەست لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، هەژاریی گەلێک پەرەی سەندووە. بانکی جیهانی لەڕاپۆرتێکی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٤٠٢دا ڕایگەیاند لەم ساڵانەی دواییدا هەژاری لە کۆماری ئیسلامیدا گەیشتووەتە ٤٠٪ و بە پلەییەکەم ژنان و منداڵانی هەژارتر کردووە. هەژاریی هۆکاری سەرەکی زۆرێک لە نەخۆشییەکانە و چینی کرێکار و بەتایبەت کرێکارانی پرش و بڵاو و ناڕێکخراو، کۆچبەران، ژنان و منداڵان، قوربانیانی سەرەکی ئەو دیاردەیەن بەهۆی ئەو هەژارییە بەردەوامەی کە لە ماوەی ٤٥ ساڵیڕابردوودا لەلایەن خاوەنکاران و حکوومەتی ئیسلامییەوە بەسەر کرێکاراندا سەپێندراوە و هەروەها زیادبوونی ئەو ٣٥ لەسەدەی ئێستا، کە دە لەسەد کەمترە لەڕێژەی هەڵاوسانەی کە لەلایەن بانکی ناوەندییەوەڕادەگەیاندراوە، دەردەکەوێت کە بنەماڵەی کرێکاریی لەگەڵ هەژارییەکی زیاتر بەرەوڕوو دەبنەوە. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئاستی تەندروستی جەستەیی و دەروونی بە تەواوی پەیوەندی بە بڕی داهاتەوە هەیە و کەسانی کەمدەرامەت و بێبەشی کۆمەڵگا، لەگەڵ هەموو جۆرەکانی نەخۆشیی و مەرگی پێشوەختە بەرەوڕوون، هەژاریی بەر لە هەموو شتێک ئاستی کوالێتی خۆراک، چالاکییە پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و وەرزشییەکان و داهاتووی منداڵان دەخاتە مەترسییەوە. گەورەساڵانیش لە ئاکامی هەژاری و دەستکورتی دا، نەک هەر تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر و کورتبوونەوەی مەودای تەمەنیان دەبن، بەڵکوو لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە زیانێکی زۆر دەبینن.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان هۆکاری سەرەکی هەژاری بریتییە لە نەبوونی عەداڵەتی ئابووری و سیاسیی و بە هەرڕادەیەک مرۆڤەکان لە سامانە بەرهەم هاتووەکان بێبەش کرابێتن، هەر بەوڕادەیەش کارەساتە سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هاوشێوەکانی، کاریگەریی نیگەتیڤی لەسەریانهەیە». کاریگەری نیگەتیڤی هەژاریی سەرچاوەگرتوو لە کەمی حەقدەست، لەسەر باری پەروەردەیی ژنان و پیاوانی کرێکار و منداڵەکانیان و هەروەها پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو توێژە گەلێکروون و ئاشکرایە ڕۆژی ١٨ی خاکەلێوە، ئیلنا، ناوەندی هەواڵنێری کاری کۆماری ئیسلامی، ڕاپۆرتێکی لە ژێر ناوی کرێکاران و زیانە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کردەوە. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ژمارەی موچەخۆرانی ژێر هێڵی هەژاری موتڵەق لە ئێران، لە ١٥٪ لە ساڵی ١٣٩٩وە گەیشتووەتە ٣٠٪ لە ساڵی ١٤٠٣دا. واتە لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە، دوو هێندە زیادی کردووە. بێگومان دەزانین کە واقیعییەتەکان زۆر بە ئازارترن لەو ئامارانەی کە لەلایەن حکومەتەوەو بڵاودەکرێتەوە، بەڵام ئاشکرایە کە هەر لەم ئاستەشدا بە مانای کارەساتێکی کۆمەڵایەتییە. لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا سەبارەت بە لانیکەمی حەقدەست، کە ئەویش بە هەڵکەوت لە یەکێک لە بەرنامە نەورۆزییەکانی تەلەویزیۆنی فەرمی کۆماری ئیسلامیدا بڵاوکرایەوە، بەپێی گۆڕانکارییەکانی نرخی دۆلار لە ساڵی ١٤٠٢دا و تەنانەت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی هەڵاوسانیش، ئاماژە بەوە کراوە کە لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بۆ ساڵی ١٤٠٣ نەک هەر زیادی نەکردووە، بەڵکوو مانگانە بڕی ٤ دۆلاریش کەمتر بووەتەوە. ئەوە دانپێدانانی دام و دەزگای تەبلیغاتی خودی ڕژیمە، بەڵام ئەگەر زۆر بە گەشبینییەوە هەڵاوسان لە ئێران بە ڕێژەی ٤٠٪ مەزندە بکەین، واتای ئەوەیە کە تەنانەت بە پێی ئامارە دەوڵەتییەکانیش، حەقدەستی کرێکاران لە ساڵی ١٠٤٣دا نزیکەی ٥٠٪ کەمی کردووە

- بەڵام حەقدەست چییە و بۆچی ئەوەندە دابەزیوە؟

حەقدەست پوولێکە کە خاوەنکار ڕۆژانە، هەفتانە یان مانگانە دەیدات بە کرێکار بۆ ئەوەی کاری بۆ بکات. کرێکار ئەم پوولە بۆ جل و بەرگ و خواردن و کرێی خانوو و هتد خەرج دەکات. واتە حەقدەست هەر ئەو خەرجییەیە کە خاوەنکار ڕۆژانە یان مانگانە دەیدات بە کرێکارەکە بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە کاری بۆ بکات. واتە ئەو کرێکارانە کار دەکەن، بەرهەم دەهێنن و چینی سەرمایەداریش هەموو بەرهەمی کاری چینی کرێکار دەخاتە گیرفانی خۆیەوە و تەنیا بەشێکی زۆر کەم لە بەرهەمی کارەکەیان بە شێوەی حەقدەست بۆ دەگەڕێنێتەوە. واتە حەقدەست بەشێکە لە بەرهەمی کاری کرێکار، کە بۆی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کرێکاران وەک چینێک بتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن و زیندوو بمێننەوە و سەرلەنوێ سەروەت بۆ چینی سەرمایەدار بەرهەم بهێنن. ئەمەش یەکێکە لە بناغەکانی سیستەمی سەرمایەداری، ئەم نیزامە، نیزامی کۆیلایەتی کرێگرتەیە، بەو مانایەی کە کرێکاران بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان و بۆ دابینکردنی نان و جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون، ناچارن خۆیان بە ئامێر و کەرەستەکانی بەرهەمهێنانەوە کە لە دەستی سەرمایەداردایە، کۆت و زەنجیر بکەن. بەڵام با بزانین ئەو بەشەی کە بە مەبەستی دابینکردنی مانەوەی کۆمەڵایەتی کرێکاران، بۆیان دەگەڕێتەوە، چەندە؟ و حەقدەست چۆن دیاری دەکرێت؟ بڕی حەقدەست بە تەواوی پەیوەستە بە مەرجی کێبڕکێ و هێز و ململانێی هەردوولاوە

لێرەدا کرێکار خاوەنی کاڵایەکە کە بریتییە لە هێزی کاری خۆی و کاڵاکەی دەفرۆشێت. بەڵام ئەوەی کە هێزی کاری کرێکار لەبەرامبەر چ بڕە حەقدەستێکدا دەکڕدرێت، پەیوەستە بە دوو فاکتەری گرنگەوە. یەکەم: چۆنیەتی دۆخی بازاڕی کار، ئایا بازاڕی کار لە گەشەکردندایە یان ڕوو لە کزییە، ئایا خواست لەسەر هێزی کار زۆرە یان کەم؟ بەڵام فاکتەری دووەم لە دیاریکردنی حەقدەستەکان، کە فاکتەرێکی بنەڕەتی ترە، بریتییە لە ئاستی یەکڕیزی و هاوپشتی و ڕادەی توانایی خەبات و خۆڕاگریی کرێکاران. ئەوەی کە ئایا کرێکاران ئەوەندە یەکگرتوون کە بتوانن لەبەرامبەر هەوڵی سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان کە دەیانەوێت تا ئەو جێگایەی دەتوانن حەقدەستێکی کەمتریان پێ بدەن، خۆڕاگریی بکەن یان نا؟ ئەگەر هەموو شتێک وەک پێویست بڕواتە پێشەوە، واتە هەم خواست لەسەر هێزی کار زۆر بێ و هەم کرێکاران ئەوەندە یەکگرتوون بن کە توانایی خۆڕاگرییان هەبێت، ئینجا کرێکاران شانسی ئەوەیان دەبێت حەقدەستێک وەربگرن کە ئیمکانی ئەوەیان پێبدات لە چوارچێوەی هەمان ئەو ژیانەی کە کرێکارانی ئاسایی و یاسایی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بۆیان بە فەرمی دەناسرێت، هێزی کاری خۆیان نوێ بکەنەوە و لەناو بنەماڵەشدا کرێکارانی سبەینێ پەروەردە بکەن. تازە لەم حاڵەتەدا کە باشترین حاڵەتە، حەقدەستی کرێکار یەکسانە بە بەهای هێزی کارەکەی، واتە هاوتایە لەگەڵ بڕی ئەو کەرەستە و پێداویستییانەی ژیان کە کرێکار بۆ ئەوەی بتوانێت کار بکات و مانەوەی خۆی گەرەنتی بکات، پێویستی پێیەتی. بەڵام ئەم دوو فاکتەرەی کە باسمان کرد، دوو فاکتەری کە ئیمکانی ئەوەی دەڕەخساند کە کرێکار بتوانێت حەقدەستێکی یەکسان بە بەهای هێزی کارەکەی بەدەستبهێنێت، لە دونیای واقیعدا و بە کردەوە بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە و زۆرجاریش بە زیانی کرێکاران دەشکێتەوە، کە ئەوەش بەشێکە لە سروشتی سەرمایەداری، کە لەگەڵ هەر قۆناغێکی گەشەکردندا دەکەوێتە قۆناغێکی قەیران و چەقبەستوویی و لەگەڵ پەرەسەندنی بێکاری و هتد، کێبڕکێی نێوان کرێکاران پەرەپێدەدات و هێزی خۆڕاگریی کرێکاران لاوازتر دەکات

ئاکامی ئەو دۆخە دەبێتە ئەوەی کە بە کردەوە، حەقدەستی کرێکار لە بەهای هێزی کارەکەی کەمتر دەبێت، حەقدەستەکان بۆ خوارتر لە هێڵی هەژاری موتڵەق دادەبەزێت و کرێکار تەنانەت ئەو بڕەش کە بۆ نوێکردنەوەی هێزی کاری خۆی و دابینکردنی ژیانی بنەماڵەکەی پێویستی پێیەتی، وەرناگرێت و حەقدەستەکان ئەوەندە دادەبەزن کە بەزەحمەت دەتوانن ژیانی مەمرە و مەژی خۆیانی پێ بەڕێ بکەن. ئەوەی کە حەقدەستی کرێکار چەندە دەبێت و ئایا کرێکاران بەڕاستی بەهای هێزی کاری خۆیان و بە ئەندازەی پێداویستییەکانی ژیانێکی ئینسانی وەردەگرن یان نا، بە کردەوە و لە دونیای واقیعدا زیاتر لە هەموو شتێک پەیوەستە بە هێزی چینی کرێکار و توانایی خەبات و خۆڕاگریی لە دژی چینی سەرمایەدار. لەمڕووەوە ئەگەر نامانەوێت ژیان و بوونی کرێکاران لەناو بچێت، پێویستە پێ بنێینە ناو مەیدانی خەبات لەپێناو زیادکردنی حەقدەستەکان

****





# ڕژیمی ئیسلامی لە سەنگەری سەپاندنی حیجابی ئیجباری، پاشەکشەی پێدەکرێت




هێرشی مەغۆل ئاسای گەشتی ئیرشاد و هێزە ئینتیزامی و لیباس شەخسییەکان بۆسەر ژنانی ئازادپۆش، کە لە ٢٥ی خاکەلێوەوە هاوکات لەگەڵ هێرشی موشەکی بۆسەر ئیسرائیل دەستپێکرد، هەروا بەردەوامە. لەو ڕووەوە کە ئەو هێرشە هاوکات بوو لەگەڵ ئاشکرابوونی بێدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە پێشگرتن بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ناوەندە سەربازییەکان، ئەم هێرشانە بۆسەر ژنانی ئێران هەرچی زیاتر پەرەی سەند بۆ ئەوەی پێش بە ئەگەری سەرهەڵدانی شەپۆلی نارەزایەتی بەربڵاوتر بگرن. بەڵام ئەمرۆ دەبینین کە شەپۆلێکی نوێی خۆڕاگریی لە دژی ئەم هێرشە، بەتایبەتی لە تاران و شارە گەورەکان دەستی پێکردووە. شەپۆلێکی کە ڕیفۆرمخوازەکانی دوورخراوە لە دەسەڵات و تەنانەت ژمارەیەک لە لایەنگرانی خامنەییش، لە پەرەسەندنی بەردەوام و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری، دەترسن و لە ڕۆژنامە و ڕاگەیەنەرەکانی خۆیانەوە سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ئەو سیاسەتە هۆشداری دەدەن. یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەی ئیعتماد، ڕۆژی شەممە ١ی خاکەلێوە نووسی: «دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی گەشتی ئیرشاد، بووەتە هۆی ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر لە فەزای گشتی کۆمەڵگادا.» بەشێک لە نووسەرانی ڕیفۆرمخواز بەهۆی ئەوەی کە هێشتا یاسای حیجاب و عیفاف لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکراوە، حزوور و هەڵسوکەوتی گەشتی ئیرشاد بە نایاسایی دەزانن و داوای گرتنەبەری ڕێکاری یاساییان کردووە بەرامبەر بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نائاسایی مەئموووران لەگەڵ ژنان و لایەنگرەکانیان. ڕۆژنامەی شەرقیش لە ژمارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی خاکەلێوەدا ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی گەشتی ئیرشاد لەگەڵ ژنانی ئازادپۆش گرتووە. «عەسری ئێران»یش لە ژمارەی ڕۆژی ٣١ی خاکەلیوەدا نووسیویەتی، هەڵسوکەوتی توندوتیژی مەئموووران، کاردانەوەی نەرێنی ڕای گشتیی لێدەکەوێتەوە ژنێکی خەباتکار بە ناوی خوازراوی مەراڵ، لە پەیجی کۆمەڵایەتی خۆیدا نووسیویەتی: ڕژیمی عەلی خامنەیی دەیەوێت تۆڵەی شکستەکانی خۆی لە جەماوەر و بەتایبەت ژنان بکاتەوە. لە هێرشەکەی سەر ئیسرائیلدا دەرکەوت کە هێز و توانایی سەربازییەکەی چەندە لاوازە، ئێستا دەیەوێت ئەو شکستە سەرشۆڕانەی ئەوێ، لێرە قەرەبوو بکاتەوە. من تەمەنم گەیشتووەتە ٣٥ ساڵ بەڵام تەنانەت یادەوەرییەکی خۆشم لەم حکوومەتە نییە. نە دینەکەیم قبووڵە، نە باوەڕم بە ئاخووندەکانی هەیە و نە بە یاسا و بڕیارە سیاسییەکانی. تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی گیانیشم تەواو بێت، حیجابی ئاخوندی لەسەر ناکەم. بەکاربەرێکی تر نووسیویەتی کە بەهۆی بوونی مەئموور لە شەقامەکان، بە کوچە و کۆڵانەکاندا هاتوچۆ دەکات، چونکە بەهۆی ئەوەوە دوکانەکان پلۆمپ دەکەن، ناچێتە ناو هیچ دوکانێکەوە، بەڵام ناچێتە ژێر باری حیجابی ناچاریشەوە. ڕۆژی شەممە ١ی گوڵانی ١٤٠٣، شۆڕای خانەنشینانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا نووسی: شەڕ لە دژی ژنان، بە واتای ڕاگەیاندنی شەڕە لە دژی ژیان و ئازادی! لە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: حکوومەتێکی کە بەڕادەیەکی زۆر لەژێر گوشاری جەماوەردایە و بوونی خۆی لە مەترسیدا دەبینێت، بە پەنابردن بۆ سەرکوت و توندوتیژی لە دژی ژنان، هەوڵدەدات ئەم گوشارە لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و ڕێگری بکات لە دروستبوونی کەلێن و دووبەرەکی زیاتر لە ناو ڕیزەکانیدا. لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: خۆڕاگریی و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم سیاسەتە، تەنیا لە ئەستۆی ژناندا نییە، بەڵکوو ئەرکی هەموو کۆمەڵگایە چونکە ئەم «هێرشە» کاریگەری لەسەر سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە داواکاری تەوەرەکان دادەنێت ناوەندی سەرەکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ دوژمنێکی وەک دەوڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل بەرەوڕووە کە دەیانەوێت لە سەرەوە ڕژیم بە شێوەیەک ڕام بکەن کە نەک هەر لە خوارەوە شۆڕش ڕوونەدات، بەڵکوو خەڵک بە گۆڕانکاری لە سەرەوە لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکا و بۆرژوازیی ناوخۆییەوە ئومێدەوار بکەن. ئەوان دەیانەوێت بەبێ دەست بردن بۆ پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و ئابووری سەرمایەدارانەی کۆمەڵگا، هەندێک گۆڕانکاری دیاریکراو لە حکومەتدا پێک بێت. بۆ نموونە ئەوان پێیان وایە کە ئەگەر ئاخووندەکان بگەڕێننەوە ناو مزگەوتەکان و حکوومەتێکی لیبڕاڵ بەناوەرۆکێکی ئیسلامیی کراوەتر بهێننە سەرکار، جەماوەری نارازی دەچنەوە ناو ماڵەکانیان. ڕەخنەی یاساییانەی ڕیفۆرمخوازان و بەشێک لە بناژۆخوازان و دەربڕینی نارەزایەتی لەلایەن چین و توێژەکانی بۆرژوازییەوە بەرامبەر بە ڕەفتاری دژە ئینسانی مەئموورانی گەشتی ئیرشادیش هەر بەم ئاراستەیەدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. بەڵام نارەزایەتی جەماوەرێکی کە لانیکەم لە بەفرانباری ١٣٩٦ بەملاوە، نەک هەر شەرعییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دەسەڵاتەکەشیان بردووەتە ژێر پرسیار و جەماوەرێکی کە خوڵقێنەری شۆڕشی ژینان، گەلێک لە وردە گلەیی لیبراڵەکانی ناوخۆ ئەولاترە کە چاوەڕوانی ئەوەن پرۆژە یاسای حیجاب و عیفاف لە مەجلیسی ئیسلامیدا پەسەند بکرێت. بێگومان ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب، شانبەشانی یەکتر، لەم سەنگەرەشدا پاشەکشە بە ڕژیمی ئیسلامی دەکەن و هەرچی زیاتر ڕسوای دەکەن و ئەم نەبەردە لە سەرجەم بوارەکاندا، تا ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، هەروا بەردەوام دەبێت

****

# هێرشی سپای پاسداران بۆ سەر ئیسرائیل: شەرمەزارکردنی شەڕخوازی هەردوولا

نیوەشەوی شەممە ١٣ی ئاوریلی ٢٠٢٤ بەرامبەر بە ٢٦ی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٣، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردە سەر ئیسرائیل. تا ئێستا ڕاپۆرتێکی بەلگەمەند و ورد سەبارەت بە بڕی زیانەکانی ئەم هێرشە بڵاونەکراوەتەوە. بەڵام بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زیاتر لە ٩٠ لەسەدی ئەو مووشەک و درۆنانە لە نیوەی ڕێگادا و بەر لەوەی بگەنە ئامانجەکانیان لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیانەوە لە ئاسمانی وڵاتەکانی ناوچەکە تەقێنراونەتەوە. ئەو هێرشە کە دوای هەراوهوریا و تەبلیغاتێکی زۆر ئەنجامدرا، هێرشە مووشەکییەکەی ساڵی ٢٠٢٠ بۆ سەر بنکەی عەین ئەسەد لە عێراق وەبیر دەهێنێتەوە کە لە تۆڵەی خوێنی قاسم سولەیمانی بەڕێوەچوو. دواتر دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ڕێگریکردن لە زیانی گیانی بە ئەمریکییەکان، پێش هێرشەکە لە ڕێگەی دەوڵەتی عێراقەوە دەسەڵاتدارانی ئەمریکای ئاگادار کردبووەوە، بەو هۆیەوە تەنانەت خوێن لە لوتی هیچ کەس نەهات و کۆماری ئیسلامیش ئەوەی بە حیسابی تۆڵەی کوشتنی قاسم سولەیمانی بە بیروڕای گشتی ئێران دا. ئێستا کۆماری ئیسلامی دەڵێت بەم هێرشە پرسی وەڵامدانەوەی هێرش بۆ سەر کونسوڵخانەکەی لە دیمەشق، وڵامی وەرگرتووەتە. بەڵام بەو پێیەی دوای چەندین ساڵ شەڕی شاراوەی نێوان دەوڵەتەکانی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، ئەمە یەکەم هێرشی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە خاکی خۆیەوە بۆ سەر ئیسرائیل. هەر لە هەمان ڕۆژی یەکەمی ئاوریلی ٢٠٢٤ کە کونسوڵخانەی ئێران لە دیمەشق کەوتە بەر هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل و لە ئاکامدا ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سپای پاسداران کوژران، کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی کرد کە تۆڵەی ئەو هێرشە دەکاتەوە. خامنەیی لە کاتی نوێژی جەژندا هەڕەشەکەی دووپات کردەوە. بەدەر لە بوونی هەر بیانوویەک بۆ دەستپێکردنی تێکهەڵچوونێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر خەڵکی هەر دوو وڵات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەربەستێک لە بەرامبەر ئەو شەڕخوازییانەدا پێک نەهێنن، هەردوو لایەنەکانی ئەم ململانێیە، بە زۆر هۆکاری بابەتیی پۆتانسێلی ئەوەیان هەیە کە شەڕێکی خوێناویی لە ناوچەکەدا هەڵبگیرسێنن. تا ئێستا دەوڵەتی ئیسرائیل هێرشی پێچەوانەی نەکردۆتەوە و سەبارەت بە هێرشەکەی شەوی ڕابردوو لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵای تۆمار کردووە. دەوڵەتی ئیسرائیل هاوکات هەڕەشەی کردووە کە وڵامی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی دەداتەوە، بەڵام تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاگەیاندنە، هیچ هەواڵێک سەبارەت بە کردەوەی تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیل بڵاو نەکراوەتەوە

بێ گومان کردەوە شەڕخوازییەکانی هەردوولای ئەم ململانێیە، کۆنەپەرستانە و دژ بە خەڵکن. ئەگەرچی ئێستا ئاگری مووشەک و درۆنەکان بەشێوەیەکی کاتی خامۆش بووە، بەڵام وڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەم چەشنە کردەوە و دژکردەوانەی هەردوولا، تا ئاستی هەڵگیرسانی شەڕێکی بەتەواو مانا بەرەوپێش دەچێت یان نا؟ تا ئێستا ڕوون نییە، بەڵام هێشتا ئەگەری بەردەوامبوونی هێرشەکانی هەردوولا لەدژی یەکتر لە ئارادایە و بە زۆر هۆکاری بابەتیی پێویستە سێبەری مەترسی شەڕ لەسەر دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە جیددی وەربگیرێت. لە لایەکەوە دەوڵەتی ئیسرائیل دوای تێپەڕبوونی ٦ مانگ و کوشتاری زیاتر لە ٣٣ هەزار فەلەستینی، نەیتوانیوە بە ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی بگات. لە هەمان کاتدا ئەم دەوڵەتە لەلایەن ڕای گشتی جیهانی و تەنانەت هەندێک لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانییەوە بە مەبەستی قبوڵکردنی ئاگربەست لە غەززە لەژێر گوشاردایە. لە ڕوانگەی نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیری ڕاست و توندڕەوی ئیسرائیل و کابینەکەیەوە، قبوڵکردنی ئاگربەست بە واتای قبوڵکردنی شکست دێت لە بەرامبەر حەماسدا. پەرەسەندنی شەڕ لە ئاستی ناوچەکەدا، لەڕوانگەی دەستە ڕاستییە توندڕەوەکانی ناو کابینەی ئیسرائیلەوە، وەک ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو بنبەستەی ئێستایان دادەنرێت. هەوڵی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و بناژۆخوازی ئیسرائیل ئەوەیە کە بە پەلکێشکردنی کۆماری ئیسلامی بۆ ناو شەڕەکە و تێوەگلانی ئەمریکا و بە ناوچەیی کردنی ئەم شەڕە، شکستە گەورەکانی شەش مانگی ڕابردووی خۆی پەردەپۆش بکات و قەیرانە ناوخۆییەکانی کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندایە، کۆنترۆڵ بکات. لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانێکی سیاسی و ئابووریی قووڵ بەرەوڕووە کە هیچ ڕێگایەکی بۆ چارەسەرکردنیان لەبەردەمدا نییە. لە هەمان کاتدا ناڕەزایی و نەفرەت و بێزاری زۆربەی هەرەزۆری خەڵک بەرامبەر بەم ڕژیمە گەیشتووەتە لوتکە و ڕژیم نیگەرانی ئەگەری سەرهەڵدانی تۆفانێکی بەرینی کۆمەڵایەتییە. لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا دوور نییە کە وەک دوا ڕێگە چارە بۆ بۆ مانەوەی خۆی، پەنا بباتە بەر سەرکێشی زیاتر و ئاگری شەڕ لە ناوچەکە خۆشتر بکات تا بەڵکوو ببێتە نیعمەتێک بۆ مانەوەی ڕژیم. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە پرسی ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی بێبەش و ستەملێکراوی ئێرانەوە هەیە، هیچ ڕێگایەکی کورت مەودا بوونی نییە، ئامانجێکی لەو شێوەیە تەنیا بە بەهێزی لەبن نەهاتووی ئەو جەماوەرە دەستەبەر دەبێت. ئەوانەی کە هیواکانیان بە شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا لە دژی کۆماری ئیسلامییەوە بەستووەتەوە، لە ڕاستیدا لە ئاکامی شۆڕشی ڕزگاریبەخشی سبەی ڕۆژ، زۆرتر نیگەرانن تا لە بارودۆخی ئێستا و بە شێوەیەکی فریودەرانە بەڵێنی «سەرکەوتنی ئاسان» دەدەن لە ڕێگەی دەستوەردانە دەرەکییەکانەوە

****

# گەندەڵکار پاداشت وەردەگرێت

ڕۆژی هەینی ٢٤ی خاکەلێوە، خەڵکی تاران بە سەرسوڕمانەوە دیتیان کە کازم سەدیقی لەبری ئەوەی لەگەڵ بنەماڵەکەی بە تاوانی دزی و گەندەڵی لە دادگا لەبەردەم لێپێچینەوەدا بێت، لەسەر سەکۆی نوێژی هەینی دەرکەوت. ئیمام جومعەی تاران ڕاستەوخۆ لەلایەن خامنەییەوە دەستنیشان دەکرێت و هێشتنەوەی سەدیقی لەم پۆستەدا لەلایەن خامنەییەوە لە ڕاستیدا، بێ ڕێزی کردنێکی بە ئانقەست و ئاشکرا بوو بە بیروڕای گشتی ئێران. دیکتاتۆر بەمجۆرە ئەو پەیامەی نارد کە: خەڵک مافی ئەوەیان نییە کە پێ بنێینە ناو بازنەی دەسەڵاتی خۆی و نزیکەکانی. دزی و گەندەڵی سەدیقی، تنۆکێکە لە دەریایەک لە کۆماری ئیسلامیدا. سەروەت و سامانێکی کە لە دەست ئاخووند و بەرپرسە باڵاکاندا کەڵەکە دەبێت، لە حیساب نایەت. شەخسی خامنەیی لە لووتکەی مافیایەکی ئابووریی پتر لە سەد ملیارد دۆلاری دایە. لە دوای شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، ڕەفسەنجانی و بنەماڵەکەی بوونە نموونە و هێمای گەندەڵی. لەو قۆناغەدا تەنانەت ڕادەیەک لە گەندەڵی بۆ پێشکەوتنی ئابووریی بە شێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا بە پێویست دەزانرا. لە سەردەمی خاتەمیدا ئەم ڕەوتە بەردەوام بوو تا گەیشتە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد. ئەگەرچی ئەحمەدی نژاد بە دروشمی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گەندەڵی هاتە سەرکار، بەڵام لە سەردەمی ئەودا ئاستی گەندەڵی ئابووریی بەڕادەیەکی زۆر پەرەی سەند. لە سەردەمی ناوبراودا نەک هەر گەندەڵکار و دز و ڕانتخۆر زۆرتر بوون، بەڵکوو کەسانی وەک محەممەد ڕەزا ڕەحیمی جێگری یەکەم و حەمید بەقایی جێگری جێبەجێکار، جێگە و پێگەشیان بەدەستهێنا. شەخسی ئەحمەدی نەژاد دەستی بەناو جانتاکەدا کرد و تەنیا لە یەک حاڵەتدا سەد ملیارد تمەن باجی لە سندووقی بیمەی ئێران ئەستاند

گەندەڵی ١٣ هەزار ملیارد تمەنی بابەک زەنجانی هەر لەو دەورەیەدا ڕوویدا. لە سەردەمی ڕۆحانیدا دزییەکان گەورەتر بوون. بۆ نموونە جگە لە گەندەڵی براکەی، دەرکەوت کە سادق لاریجانی، سەرۆکی پێشووی دەسەڵاتی دادوەری، ٦٣ حسابی بانکی هەبووە. بڕی هەزار ملیارد تمەن کە لەژێر ناوی سوودی کەفالەت و ئەو زیانانەی کە دەبوو بە دەسەڵاتی دادوەری بدرێت، ئاشکرا بوو کە خراوەتە سەر حسابە، تایبەتەکانی و وترا کە تەنیا سوودی بانکیی ئەو پوولە ٢٠ ملیارد تمەنە. هەروەها گەندەڵی گەورەی شیرکەتی هۆڵدینگ یاسی سپا، ساڵی ٩٦ لە سەردەمی ڕۆحانیدا ئاشکرا بوو کە پەروەندەیەکی دیکەی بە دزییەکانی قالیباف و بەشێک لە فەرماندەکانی ڕژیم زیاد کرد. هەر لەو ماوەیەدا بابەتی گەندەڵی لە بواری دەرمانسازیدا لە ڕاگەیەنەرە حکوومەتییەکاندا بڵاو کرایەوە. سەعید نەمەکی، وەزیری تەندروستی لە کابینەکەی ڕۆحانی ڕایگەیاند، کاتێک لە ساڵی ٩٧دا ئەو وەزارەتەی وەرگرتووە، «گەندەڵی لەبواری دەوا و دەرمان لە ئاستێکی چاوەڕوان نەکراودا بووە» و جگە لە «گەندەڵی ٥٠ هەزار ملیارد تمەنی لە بواری پزیشکیدا»، وتی، نازانین یەک ملیارد دۆلاری ئامێر و کەرەستە پزیشکییەکانیان لەکوێ خەرجکردووە. ناوبراو هەروەها ئاماژەی بە بوونی «مافیایەکی بەهێزی گەندەڵی لەم بوارەدا» کرد و وتی کە «٨٠ ملیارد تمەن تەنیا بۆ ڕاگەیاندن لە دژی وەزارەتی تەندروستی خەرج کراوە». وەزیری تەندروستی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پرسی چارەنووسی نادیاری یەک ملیارد و سێ سەد ملیۆن دۆلار لە بواری کەرەستە پزیشکییەکانی دووپات کردەوە. دزی و گەندەڵی لە دەورەی سەرۆک کۆماریی ڕەئیسی دا گەلێک زیادی کرد، کە چەند نموونەیەکیان ئاشکرا بوون. سەرەتا گەندەڵی منداڵەکانی عەلی شەمخانی دەرکەوت و پاشان نۆرە گەیشتە چای دێبش. گەندەڵی لە بەشی پیشەسازی شەکر و فولاد، کە لە لایەن کرێکارانی خەباتکارەوە لەقاو درا، لە دەورەی ئەم سەرۆک کۆمارە بەناو دژە گەندەڵیەدا دەرکەوتووە. ئێستا پەروەندەی کازم سەدیقی، وتەبێژی خامنەیی بەسەردەستی ڕەئیسییەوە ماوەتەوە

لە کاتێکدا کە داسی مەرگ، بە تایبەت دوای شۆڕشی ژینا، لە سەردەمی سەرۆکایەتیی موحسین ئێژەیی بەسەر دەسەڵاتی قەزایی و سەرۆکایەتی ڕەئیسی جەلاد بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، گیانی شەریفترین و پاکترین ئینسانەکانی لە زیندان و دەرەوەی زیندان کردبووە ئامانج، دز و تاڵانچییەکان هەروا بە ئازادی لەسەر کارەکانیان بەردەوام بوون و ئێستاش هەن. ئەوەی سەبارەت بە گەندەڵی باسکرا، دڵۆپێک بوو لە دەریایەکی گەورە. گەندەڵی کۆڵەکەی مانەوەی کۆماری ئیسلامییە. هەروەها گەندەڵی لە دەست گروپە مافیاییە بەهێزە جۆراوجۆرەکاندا ئامرازێکیشە بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتی ناوخۆیی. ئەم گەندەڵییە هێزێکی سەرکوتگەری نەزان و کۆنەپەرستی لە دەوری بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات کۆکردووەتەوە. ئەوان دەتوانن لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکی ناوخۆییدا، لە بەرژەوەندی هێزە باڵادەستەکاندا بەکار بهێنرێن. ئەو هێزە ئەوپەڕی دڕندەیی و سەرکوتگەری خۆی لەناو زیندانەکان و لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەماوەری ناڕازی بە تایبەت لە ساڵانی ٩٦ و ٩٨ و هەروەها لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا نیشان دا. گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا کارایی جۆراوجۆری هەیە، ڕێگەدان بە دز و گەندەڵکارێک کە ببێتە وتاربێژی نوێژی هەینی ئەم دواییە، مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت. باندی خامنەیی، کە لەژێر گوشاری ئیسرائیل و ئەمریکادا تووشی سەرلێشێواوی بوون، بە ئاشکرا دەڵێن کە ئیمتیاز دەدەن بە دارودەستەکانی نزیک لە خۆیان، تەنانەت ئەگەر گەندەڵییەکانیشیان بۆ خەڵک ئاشکرا بوویێت. چونکە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان پێیانە. پێویستە وڵامی بێشەرمیی ئەو دز و جەردە دەسەڵاتدارانەی، کە ئاوا بێباکانە جێگە و پێگە بە کەسێکی گەندەڵ و فێڵبازی وەک سەدیقی دەبەخشن، بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەو ڕژیمە و دامەزراندنی حکومەتێکی کە لە خزمەت بەرژەوەندی زۆرینەی هاوڵاتیاندا بێت و گەندەڵی لە کۆمەڵگادا ڕیشەکێش بکات، بدرێتەوە

****

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 447-April 2024

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# کۆماری ئیسلامی ئێران ، دوو شەڕ و یەک مەبەست

هاوکات لە گەڵ قووڵبوونەوەی قەیران لە ناوچەکە، دوای هێرشی درۆن و مووشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل، (لە کاتی نوسینی ئەم دێڕانە ڕۆژی هەینی ۳۱ی خاکەلێوە ئیسرائیل هێرشێکی لاوازی کردووەتە سەر پێگەیەکی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئیسفەهان کە وردەکارییەکەی تا ئەم کاتە ڕوون نییە، دیارە ئەم هێرشەش وا داڕێژراوە کە سنوردار بێ و لەو ئاستەدا نەبووە کە شەڕەکە بەرفەروان بکات). هەرچی بێ، نابێ خۆمان زۆر بە شەڕی مووشەک هاویشتنی دوو دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران و ئیسرائیل بۆ یەکتر کە بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە یەک دەستیان پێ کردووە زۆر سەرقاڵ بکەین، ئەوەندە بۆ ئێمە گرینگە بزانین کاردانەوەی ئەم ململانێیە لە سەر خەبات و تێکۆشانمان بۆ سەلماندنی داوا ڕەواکانمان چی دەبێ.

لەم ڕوانگەوە هەروەک باسکرا هاوکات لە گەڵ قووڵبوونەوەی ئەم قەیرانە، کاردانەوەی بۆ ئێمە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئاشکراتر هەوڵ ئەدات کەڵکی لێ وەربگرێ تا شەڕی ناوخۆ دژ بە خەڵکی ئێران کاراتر بکاتەوە. بۆیە هەر لەم ڕۆژانەدا هاوکات لە گەڵ مووشەک و درۆن ناردن بۆ یەکتر ، گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر ژنان و کچان بۆ سەپاندنی حیجابی ئیجباری، هەروەها گرتن و ئەزیەت و ئازاری ڕۆژنامەوانان و چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی چڕتر کردووەتەوە. لەوانەیە باس لەوە بکرێ لە کاتێکدا سێبەری شەڕ باڵی بە سەر ئێراندا کێشاوە، حکوومەت ئێستا کە بانگەشەی ئەوە دەکات گۆیا شکستی بە شۆڕشی ژینا هێناوە، دەبوو لە بری بێزار کردنی زۆرتری خەڵک، هەوڵی دابا کە هاوسۆزی خەڵک و پشتیوانی ئەوان بۆ بەربەرەکانێی دەرەکی کۆ بکاتەوە، بێگۆمان حکوومەت عەقڵی ئەوەندە بڕ دەکات کە ئەوە بزانێ بەڵام تەواوی گرفتی حکوومەت ئەوەیە کە ئەم شۆڕشە شکستی پێ نەهاتووە و هەروا لە بواری جیاجیا دا بەردەوامە، بۆیە بۆ حکوومەت شەڕی ناوخۆ لە گەڵ خەڵکی ڕاپەڕیو مانایەکی زۆر گرنگترین لە شەڕی دەرەکی هەیە، ئەگەر شەڕ لە گەڵ ئیسرائیل دەتوانێ سنورداری بکات و وەڵامی سنووردار وەردەگرێ، چوون پێویستیان بە یەک هەیە، گۆشتی یەک بخۆن ئیسقانی یەکتر ناشکێنن، بەڵام لە شەڕی ناوخۆ هیچ سنوورێک نییە، شەڕێک کە دەمێکە دەستی پێکردووە و تا هاتووە بەرینتر بووەتەوە. بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران پاش تاقیکردنەوەی بێ سەمەری ئیسلاحی ڕژیم ئێستا بەو قەناعەتە گەشتوون کە تاقە ڕێگا بۆ ژیان ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە، لە بەرامبەردا ئەوەش بۆ سەرکوتکردنیان لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی، هیچ سنوورێک ناناسێ. ٤٥ ساڵە دەگرێ، دەکوژێ، مافی خەڵک پێشێل دەکات و ژیانێکی سەختی بە سەریاندا داسەپاندووە، بۆیە لە درێژەدا بە ئەنقەست و بە دەرفەتی سێبەری شەڕ ئەمجارە پەنای هێناوەتە بەر چڕتر کردنی

ئەم شەڕە لە گەڵ خەڵک

تەمەنی ٤٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە دەسەڵاتێکی قەیران ساز و قەیران ژییە، هەربۆیە بۆ کۆماری ئیسلامی شەڕ نێعمەتە. هەرچی قەیرانی دەرەکی قووڵتر بێتەوە بە هەمان نیسبەت پەلامار بۆ سەر ژیان و مافی خەڵکیش توندتر دەبێتەوە. دەتوانین بڵێین بۆ ئەم ڕژیمە دوژمنی دەرەکی ( ئێستا ئیسرائیل و ئامریکا ) پێویستە، تا هێزی لێ وەربگری بۆ شەڕی ناوخۆیی. با بزانین بۆچی شەڕی سنوورداری دەرەکی نێعمەتە، جگە لەوەی کە هەوڵ ئەدات ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەڵخڕێنێ و بە ناو دیفاع لە« ئێرانی عەزیز !!» لە پشت سیاستەکانی کۆیان بکاتەوە و لەم ڕێگایەوە پاراستنی نیشتمان وەک گوتارێک لە کۆمەڵگادا بەهێز بکات و بە بیانووی ئەوەی کە گۆیا « ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە « !! «نیشتمان لە مەترسی دایە» !! بەرەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە پەراوێز بخات. لەوە گرنگتر، لە هەمان کات دا لەم نێعمەتە کەڵک وەردەگرێ تا هەر دەنگێکی نارەزایەتی بە بیانووی خزمەت کردن «بە دوژمن» سەرکوت بکات. ئەوەی کە لەم ڕۆژانەی دواییدا بە ئاشکرا لە گوتار و کردەوەکانی حکوومەت دا

دەیبیستین و دەیبینین

کاتێک باسی شەڕی ناوخۆیی دەکەین ، ڕاستە ئێستا ئەم شەڕە لە سەنگەری دژایەتی لە گەڵ حیجاب کۆ کراوەتەوە بەڵام جگە لەم سەنگەرە، کۆماری ئیسلامی بە بیانووی حیجاب وە ژیان و ئازادی کە ویست و داوای خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێرانە کردووەتە ئامانج. ڕژیم بۆ بەربەست دروست کردن لە سەر ڕێگای بزووتنەوەی ژینا کە باش دەزانێ نەیتوانیوە کۆتایی پێ بینێ، بیر لەوە دەکاتەوە لە ئەگەر کەشوهەوای شەڕ لە سنووری دڵخوازی ئەو دەربچێ، هەر شتێک دەتوانێت ڕووبدات، بۆیە بە پەلامار بۆ سەر ژنان و کچان بۆ سەلماندنی حیجابی زۆرە ملێ وەک دیاردەیەکی بەرچاوی شۆڕشی ژینا، بە ڕێگایەک دەزانێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕووداوە و ئەگەری بەهێزی ڕژانە سەر شەقامی خەڵکی وەگیان هاتوو ئەڵبەتە ئەوەش دەزانین کە حیجاب خۆی لە خۆیدا بۆ حکوومەت زۆر گرنگە، چوون حکوومەت ئایدۆلۆژیای خۆی لەسەر جەستەی ژنان دامەزراندووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لە سایەی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا جارێکی دیکە هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕەوانەی شەقامەکان کردووە و هەوڵدەدات دەست بەسەر ئەو سەنگەرانەدا بگرێ کە لەگەڵ بزووتنەوەی ژینادا بەشێوەیکی بەرچاو لەدەستیدا بوو. سێبەری شەڕە ( هەمان نێعمەت) دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە حکوومەت جارێکی دیکە پێشڕەوی بکاتەوە و ئەو سەنگەرە وەربگرێتەوە. جگە لەوەش ناوەندی سەختی دەسەڵات ئێستا لە سایەی ئەم قەیران و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕدا دەرفەتی ئەوەی هەیە کە دەرگای ئەم فەزا سیاسییە (خواستی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ) کە دوای شۆڕشی ژینا باڵی بە سەر ئێراندا کێشاوە دوابخات. بە دەرفەتی ئەزانێ تا زیاتر لە جاران بە بیانووی لە خزمەتی دوژمن دا بوون !! چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان و ئەدیبان و هونەرمەندان فەرمانی دادگایان بۆ دەربکات و زیندانییان بکات و بەکردەوە بە چڕی پرۆژەی گەمارۆدانی خەڵک بۆ پاشەکشە و مل کەچبوون توندتر بکاتەوە و درێژەی دەسەڵاتی مسۆگەر بکات پێشتر باسمانکرد کە حکوومەت دەزانێت لە سایەی شەڕدا دەتوانێت پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکەی باشتر بەرەوپێش ببات. دەتوانێ دەزگای سەرکوتکردن کارا کاتەوە. لە ڕاستیدا شەڕ باری نائاسایی دروست دەکات و جووڵەی دەزگای سەرکوتکردن ئاسان دەکات. سێبەری شەڕ ترس و تیرۆر دروست دەکات و مەترسی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دەزگای سەرکوت زیاتر دەکات. ئەمانە هەمووی دەرفەتن بۆ کۆماری ئیسلامی، بۆیە بە نیازە بە باشی کەڵکی لێوەربگرێ. ئەگەر خومەینی شکستی شۆڕشی ساڵی ٥٧ی بە هێرشکردنە سەر ژنان دەست پێکرد، ئێستاش خامەنەیی بەنیازە بە هێرشکردنە سەر ژنان وەک سیمبولی شۆڕشی ژن، ژیان ، ئازادی، ئەم شۆڕشە تووشی شکست بکات. ئەم کارانەی حکوومەت گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ئازادی و بزووتنەوەی ژنان کە چەند ساڵێکە بەردەوامە. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێراندا هەنگاوێکیان بەرەو پێشەوە ناوە. جگە لەوەش، لە ساڵانی ڕابردوودا و سەرەڕای هەموو هەوراز و نشێوەکان گەلێک سەنگەری گرنگ بەدەست هاتوون. ئێستا حکوومەت هەوڵدەدات لە ژێر سێبەری ئەم قەیرانەدا، ئەم پرۆسەیە بگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر هەروەک لە سەرتا دا باسمان کرد دەبێ ئاگاداری کاردانەوەی ئەم قەیرانانە لە سەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان بین. ئێستا کە دەزانین حکوومەت بۆ دەچێت بە پیشوازی قوڵبوونەوەی قەیران و ئەگەری شەڕ، ئێستا کە دەزانین مەبەست لە سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕژیم ئەوەیە کە سەنگەرەکانمان لێ وەربگریتەوە، ئەرکی سەرەکی ئێمەیە کە ئەو سەنگەرانەی کە تا ئێستا بەدەست هاتوون بپارێزین کە دژایەتی لە گەڵ حیجابی زۆرەملێ بووەتە ڕەمزی سەرەکی. نابێ بکەوینە ئەو تەڵەیەی کە دەڵێت: «ئێستا کاتی ئەم قسانە نییە!» ئەمە تەڵەیەکە کۆ کۆماری ئیسلامی لە بەخەت کردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی هانی ئەدات تا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لاواز بکات. بە پێچەوانەوە ئێستا کاتی ئە قسانەیە. پێویستە دیفاع لە قسەکردن و نووسین و چالاکی سیاسی و مەدەنی بکرێت. لە تەنیشت بێزاری دەربڕین لە ئاست سیاسەتی شەڕخوازانەی حکوومەت، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ باسکردن لە سەر سەلماندنی مافەکانمان بۆ ژیان و بۆ ئازادی. پێویستمان بە قسە کردن و دەنگ هەڵبڕین هەیە، پێویستیمان بەوەیە کە قسە و دەنگمان یەک بخەین تا بە هێزتر بین و مەجالی هێز لە دەستدانی خۆمان نەدەین بە

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

بێگومان لە سایەی شەڕدا، ئەم ئەرکانە ڕەنگە قورس بن. هەموو مێشکمان سەرقاڵی ترسی داهاتوویەکی نادیار بووە. ژیان زیاتر نادڵنیایی و مەترسیدارتر بووە، هە بۆیە شەڕ نێعمتە بۆ حکوومەت و بە ئەنقەست پەرەی پێدەدات تا بێدەنگی باڵ بکێشی بە سەر کەشوهەوای ئێراندا. وایە ئەم ئەرکانە ئەگەرچی قورسن، بەڵام هیچ بژاردەیەکی ترمان نییە جگە لە وەستانەوە و بەرگریکردن لە دەستکەوتەکان، هیچ بژاردەیەک مان نییە جگە لەوەی بڵێین نەخێر بۆ « بێدەنگی لەم کاتە گرنگەدا». ئەگەر حکوومەت ئەم سەنگەرە واتە دژایەتی لە گەڵ حیجاب وەربگرێتەوە، بەوەوە ناوەستێ و پەلاماری زۆرتر دەکاتە سەر ژیان و سەر مافەکانمان. ئەمە سروشتی شەڕە، کە سەنگەرێک لە دەست بدەی، دەبێ ئامادە بی کە سەنگەری زۆرتر لە دەست بچێ. بۆیە لانیکەم دەبێ چاوێکمان بەو سەنگەرانەوە بێ کە لە مەراسیمەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا پتەوترمان کرد، بۆ ئەوەی

لە دەستیان نەدەین

پێداگری لەسەر داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان لەوانە دیفاعی لێبڕاوانە لە خەبات دژی حیجابی زۆرەملێ و قووڵکردنەوەی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ئەگەرچی تاڕادەیەک قورس و ماندوبوونی زۆری دەوێت، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە کە دەتوانێ تاکە ڕێگاش بێت بۆ دوورخستنەوەی مەترسی شەڕ و ئەو دڵەڕاوکێیەی کە لە ئاکامی مەترسی شەڕ دروست دەبێ. پێویستە تا دەتوانین بە ڕوونی دەنگی دژایەتی لە گەڵ شەڕ بەرز بکەینەوە، بەبێ هیچ ئەگەر و مەرجێک بڵێین ئەم شەڕە شەڕی ئێمە نییە، ئێمە خوازیاری سوڵح و ئاشتین تا بتوانین مافە پێشێلکراوەکانی خۆمان بسەلمێنین. ڕێگریکردن لە شەڕ نەک هەر ڕێگری دەکات لە وێرانکردنی خاک و ژیانی خەڵک بەڵکوو لە هەمان کاتدا پلانی حکومەت بۆ شەڕی ناوخۆییش پووچەڵ دەکاتەوە

****

دواستون

## بەرەو پیری ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار

ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی هاوپشتی چینایەتی و ئەنترناسیۆنالیستی کرێکارانی جیهان بەڕێوەیە. ئەوەڵی مانگی مەی لە ئێران لە ماوەی زیاتر ٤ دەیەی ڕابردوودا بەردەوام لەژێر سەرنێزەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، بەڕێوەچوون. ئەگەر ناوەند و ڕێکخراوە دژی کرێکارییەکانی سەر بە ڕژیم هەوڵیانداوە بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی فەرمایشی ئەوەڵی مانگی مەی لە ناوەڕۆکە چینایەتییەکەی بەتاڵ بکەن و کرێکاران بکەنە هێزی زەخیرەی کێشەی نێوان باڵەکانی حکومەتی و هاوکات هێزی ئینتیزامی و پۆلیس و یەگانی تایبەتی دژی شۆڕشی ڕژیم بە توندووتیژی و هێرشکردنە سەر کۆبونەوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان بگرن، کرێکارانی پێشڕەو هەوڵیانداوە سەرجەم ئەو کەند و کۆسپانە پووچەڵ بکەنەوە و لە هەر بارودۆخێکدا تەنانەت لە گەمارۆی پۆلیس و پاسدارانیشدا، ڕێز لەم ڕۆژە بگرن ئەمساڵ بە لەبەرچاو گرتنی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی خەباتی مافخوازانەی کرێکاران و خانەنشینان و ژنانی پێشڕەو و ئەو بارودۆخەی کە بە هۆی شۆڕشی ژیناوە لە لایەکەوە، و بنبەست و قەیرانگەلێکی چارەهەڵنەگەری کە ڕژیمی ئیسلامی تێیاندا گرفتارە لە لەلەیەکی دیکەوە چاوەڕوان دەکرێت کە کرێکارانی ئێران لە حاڵ و هەوایەکی نوێدا ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی بەڕێوەبەرن. ئەمساڵ چاوەڕوان دەکرێت کە کرێکارانی کۆمۆنیست و هەڵسووڕاوانی کرێکاریی بە پشت بەستن بە ئەزموونی ڕابردوویان و پشت بەستن بەو ڕێکخراوە کرێکاریانەی کە بوونیان هەیە و هەروەها لەژێر کاریگەری بزاف و جموجوڵی هاوچینەکانیان لە سەرتاسەری جیهاندا، بە ئامادەیی پێویستەوە بێنە مەیدان و ئەوەڵی مانگی مەیی ئەمساڵ بە شکۆیەکی زیاتر لە ساڵانی پێشوو بەڕێوەبەرن. وەها چاوەڕوانییەک بە سەرنجدان بە وەرەی خەباتکارانەی کرێکاران و وێڕای بوون و حوزوری هەڵسوڕاوان و ڕێبەرانی کارزانی کرێکاریی و پێشینەی بەڕێوەچوونی وەها ڕۆژێک لەم ساڵانەی دواییدا، چاوەڕوانییەکی ناواقعی نییە.لە ئێرانێکدا کە کرێکاران بەپێی یاسا و بە ڕەسمی لە مافی مانگرتن و ڕێکخراو بوون بێبەشن، بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی لە ئاستێکی بەریندا، بەستێنی پێکهاتنی ڕێکخراوی کرێکاری و چینایەتی خۆشتر دەکات و بەرەی کار لەدژی سەرمایە بەهێزتر دەکات بزووتنەوەی کرێکاریی لەم ڕۆژانەدا نەک تەنها دەبێ ئاڵای داواکارییە هەنووکەییەکانی بەرز بکاتەوە، بەڵکوو پێویستە زەرفییەت و تواناییەکانی بۆ ڕێبەریکردنی خەباتی ئازادیخوازنەی جەماوەری خەڵکی بێبەش و ستەملێکراو و تینووی ئازادی، نیشان بدات. چینی کرێکار لە جەرگەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دا، بە چەسپاندنی دروشمی ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری ژنان لە کۆت و بەندی پیاومەزنی و یاسا و ڕێسای حکوومەتی ئیسلامی، ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە هەڵاواردن و ستەمی نەتەوایەتی، لە ڕێگای پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەنگاوی گەورە بەرەو پێش هەڵبگرێت

ئەم ڕۆژە ڕۆژی نارەزایەتی دەربڕینە بەرانبەر بە لە زینداندا ڕاگرتنی ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی کرێکاریی و ڕۆژی خەباتە لەپێناو ئازادی دەستبەجێی سەرجەم بەندکراوانی سیاسی. ئەم ڕۆژە، ڕۆژی خەباتە لەدژی هەقدەستی لەژێر هێڵی هەژاریدا و خەبات بۆ زیادکردنی هەقدەستی گونجاو لەگەڵ ئاستی خۆشبژێوی و دابینکردنی ژیانێکی مرۆیی، ڕۆژی خەباتە بۆ ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراو و مانگرتن، ڕۆژی تێکۆشانە لەدژی بێکاری و ڕۆژی خەباتە بۆ دابینکردنی بیمەی بێکاری پێویست بۆ گشت بێکاران و سەرجەم کەسانی ئامادەی کار، ئەم ڕۆژە ڕۆژی تێکۆشانە لەدژی وێرانبوونی ژینگە و ڕۆژی مەحکووم کردنی کاری منداڵان و دیفاع لە مافی منداڵانە، ئەم ڕۆژە ڕۆژی دەرکردنی ئەو بڕیارنامەیە کە سەرجەم داخوازی سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان و منداڵان لەخۆ دەگرێت

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی سەربەخۆ کرێکارییەکان لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەیدا، بە دوور لە شانۆگەری فەرمایشی خانەی کارگەر و باقی ناوەندە دژی کرێکارییەکانی ڕژیم، ئەرکێکی گرنگی چینی کرێکارە. گومانی تێدا نییە کە هەڵسووڕاوانی پێشڕەو لە شوێنی کار و ژیانی خۆیان دیاری دەکەن کە چۆن ئەم یادە چینایەتی و کۆبوونەوە سەربەخۆیانە بەڕێوە دەبەن. بەڵام باشترین و کاریگەر ترین ڕێوڕەسمەکان، ئەوانەن کە لە شوێنە قەرەباڵغەکانی شارەکاندا بەڕێوە دەچن؛ یەکگرتوویی بەکردەوەی لایەن و ڕێکخراوە جۆراوجۆرە کرێکارییەکان سەرەڕای هەر ناکۆکیەک کە بە یەکەوە هەیانە، گەلێک زەرورییە؛ هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێوڕەسمی باقی شارەکان، دیمەنێکی بە هێزتر لە بەڕێوەچوونی ئەم ڕۆژە مێژوییە دەخاتە بەرچاو. لەم ڕۆژانەدا پێویستە ژنانی تێکۆشەر، موعەلیمان، پەرستاران، خوێندکاران و لاوانی سۆسیالیست، هەڵسووڕاوانی پارێزەری ژینگە و ئینسانە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، ئامادەبن تا لە پێوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریدا و بە پشتگیری کردن لەو بزووتنەوەیە و پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاری بەخشی کرێکاران، لەم مەراسمانەدا بەشداری بکەن با بەرەوپیری هەرچی شکۆدارتری ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەیەوە بچین و لەو دە ڕۆژەی کە لەبەردەستدایە، لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەکاری پێویستی بۆ بکەین؛ با ئەمساڵ بە خەباتێکی ڕێکخراوتر و سازماندراوتر و بە کەڵک وەرگرتن لە گەلێک شێوازی کاریگەرتر، هەمومان بۆ ئەو ئامادەکاریە تێبکۆشین

****